# ژیانێکی نوێ پاش لەدایکبوونەوەی دووبارە: خوێندنەوەیەکی مێتافیزیکییانەی ئەرستۆیی بۆ شیعری "ڕوێ فکر بەخت" ی مەولەوی کورد و کەسایەتیی ڕاسکۆڵینکۆڤ لە ڕۆمانی تاوان و سزا ی دۆستۆیڤسکی دا

حمید موستەفا جەعفەر
خوێندکاری ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی
توێژەر لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە
majeed8686@yahoo.co.uk

7
ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی
مامۆستا لە دواناوەندیی دواڕۆژی تایبەت
hersh.saed@univsul.ed.iq

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە**
**٢٠٢٤/١٠/١٢**

**ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە**
**٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختە:**

مرۆڤ تاکە بوونەوەرە توانای دووبارە لەدایکبوونەوەی هەیە. لەدایکبوونەوەی دووەم، چ فیزیکی بێت یاخود مەعنەوی، گۆڕانێکە تەنها لە مرۆڤدا ڕوودەدات. ئەم دووبارە لەدایکبوونەوەیە هەلی دووەمی مرۆڤە بۆ ژیان، جیاوازتر لە ژیانی پێشووی و دەستپێکی ژیانێکی نوێیە پاش لەدایکبوونەوەی. ئەمەش بە گۆڕینی دیدگا بێت یاخود تێپەڕاندنی ئەزموونی ژیانی سەخت و ناهەمواری پێشووی و پوخت بوونەوەی بۆ دەستپێکی ژیانێکی نوێ. باسکردن و پیشاندانی ئەم جۆرە لەدایکبوونەوە و ژیانکردنە نوێیە، پانتاییەکی گرنگی هەیە لە کاری ئەدەبیدا. لەم بوارەدا هەریەک لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی جیهانی، نموونەی باڵا و شاکاری تێدایە. ئەم توێژینەوەیەش کار لەسەر دوو لەو ئەدیب و نووسەرە درەوشاوانە دەکات: یەکەم شاعیر و عارفی کورد مەولەوییە کە لە شیعرێکدا بەناوی "ڕوێ فکر بەخت" بەکورتی، بەڵام بە چڕی و قووڵی، ئەو جۆرە ژیانە و ئەو دەستپێکە نوێیەی خستووەتە ڕوو؛ دووەم ئەدیب کە بەراوردی دەکەین لەگەڵ مەولەویی کورد فەیلەسوف و ڕۆماننووسی بیرتیژ و وردەکاری ڕووسی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی یە، کە لە ڕۆمانی تاوان و سزا دا، و لە کارەکتەری ڕاسکۆلینکۆڤدا ئەم چەمکی لەدایکبوونەوەیە بەرجەستە دەکات. ئەمەش دوای گوزەراندنی ئەزموونێکی سەختی ژیانی تاوانباری و زیندان و بەدبیری تا گەیشتن بە خاڵی دەستپێکی ژیانێکی نوێ. ئەم بەراوردکاری و لێک نزیکیی دنیابینییەش لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆریەی مێتافیزیکی ئەرستۆیی دەخەینەڕوو وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕاڤەکارییەکەمان. توێژینەوەکەش پێک دێت لە پێشەکییەک و چوارچێوەیەکی تیۆری و بەشی مەولەوی کورد و بەشی دۆستۆیڤسکی، پاشان بەراوردکاری و دەرئەنجامی توێژینەوەکەی بەدوادا دێت.

**کلیلیە وشەکان:** لەدایکبوونەوە، ژیانێکی نوێ، مێتافیزیکی ئەرستۆیی، مەولەوی، دۆستۆیڤسکی

**پێشەکی:**

ڕێنیسانس خاڵی وەرچەرخانی ئەوروپا بوو، گەر نەڵێین جیهانیش لە سەدەکانی تاریکی و دووبارە ژیانەوەی فیکر و بیر و ژیاری ئەوروپا، کە ئەمە دووبارە لەدایکبوونەوەی دەستەجەمعی بوو لەمێژوودا. ئەم جۆرە لە دووبارە لەدایکبوونەوەش دوای ڕێنیسانس و تەنانەت لە سەدەکانی تاریکی و جەهلی ئەوروپییەکاندا لەلایەن تاک تاکی ئەو سەردەمە لێرەو لەوێ هەبووە. ئەم دووبارە لەدایکبوونەوەش لە ئەدەبی ئەوروپی لای ڤیکتۆر هۆگۆ لە ڕۆمانی پشتکووڕی نۆتەردام و ڕۆمانی کێوی جادو ی تۆماس مان و چەندان ڕۆمان و شیعری تردا هەبوون هەر وەک لە شیعری "هاتنی دووبارە" ی شاعیری ئینگلیزی ولیام بەتلەر ییتس و چەندان شاعیری تردا.

بیری بەدەستخستنی هەلی دووەم لە ژیاندا بۆ دەستپێکێکی نوێ و تەنانەت لەدایکبوونەوەش پاش مردن ئەنگێزە و حەسرەتی مرۆڤ بووە و هەمیشە دەرگیری بووە، هەر بۆیە پرسیاری مراندن و زیندوبوونەوە لای حەزرەتی عوزەیر؛ مراندنی بۆ ماوەی سەد ساڵ و زیندووکردنەوەی لەلایەن خوداوە (الجابری، ١٤٠٠: ١٢٥)، هەروەها زیندووکردنەوەی لازارۆسی بێتانی لەلایەن حەزرەتی مەسیحەوە بەویستی خودا (Dostoevsky, 2000: 478)، وەک دەرئاسایەک و پیشاندانی هەلی دووبارەی ژیانەوە پاش مردن، هەروەها هەبوونی هەلی دووبارەی ژیانێکی فازیلانە لەژیانی دونیادا پاش ژیانێکی ڕەزالەتانە هەمیشە ئیلهام بەخشی مرۆڤەکان و بەتایبەت ئەدیبە مەزنەکان بووە.

گەشتی پڕ هەوراز و نشێوی نێو دەریای پیرەمێرد و زەریا ی هێمینگوای و گێڕانەوەی چیرۆکی پڕ تەنگوچەڵەمەی مۆبی دیک ی مێلڤێل لەلایەن ئیشماییلەوە، پێش گەشتنەوەیان بەکەناری ئارامی و پوختبوونەوە بۆ ژیانێکی نوێی پاش ژیانی سەرگەردانی و بێ ئاڕاستەیی؛ نموونەی بەرزی ئەدەبین لە بواری هەلی دووبارەی ژیان و درەوشانەوەی نوێ پاش ونکردنی ئامانجی ژیان لە هەلی یەکەمدا.

هەڵبەت نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە لە داستانە مەزنەکانی جیهاندا لەدایکبوونەوە و هەلی دووبارەی ژیان ئۆدیسەیەکی توولانی و پڕ لە تاقیکردنەوە و ئالنگاری و کاری نەکردە بووە، وەک لە داستانی گەلگامێش و گەڕان بەدوای نەمریدا پاش مردنی ئەنکیدۆی هاوڕێی گیانی، هەروەها لەداستانی بەیۆڵف و گەڕان و هەوڵدانی بۆ نەمریی تیرە و هۆزەکەی.

مەولەویی کوردیش یەک لەو ئەدیب و عاریفانەیە، کە چ لەئەزموونی ژیان و چ بە خوێندنەوە و ڕامانی قووڵ بەباشی و دروستی لە مانا و ڕەوشی گەشتن بە ژیانەوە و لەدایکبوونەوەی دووبارە گەشتووە. هەربۆیە گوشراوی ئەو تێگەشتن و ئەزموونەی خۆی زۆر بەکورتی و بەڕوونی لە شیعری "ڕوێ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد" دا زۆر هونەرمەندانە و عاریفانە خستووەتەڕوو. بەبڕوای ئێمە زۆر کەم ئەدیبمان هەیە وەها ئەزموونێکی درێژی ژیان لە شیعرێکی کورتی چەند دێریدا بخاتەڕوو و مانایەکی پڕ و گشتگیریشی هەبێت.

ئەم کارەی مەولەوی لەلایەک، لەولاشەوە ئەدیبی ڕووسی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی تێگەشتنی ئاڵۆز و پێچەڵپێچی خۆی، وەک ژیانە ئاڵۆز و سەختەکەی خۆی، بەدامێن و بە وردەکاری زۆرەوە خستووەتە ڕوو، سەبارەت بە ژیانەوە و دەستپێکردنەوەی نوێ پاش کەوتنی گەورە لەژیانی ڕابردوویدا، لەڕێی ڕاسکۆڵنیکۆڤەوە - کەسایەتیی سەرەکیی شاکاری تاوان و سزا وە. ئەو کردەی لەدایکبوونەوەیە لای دۆستۆیڤسکی، وەک بیری خۆی ئاڵۆز و درێژ و کاتبەرە. هەربۆیە سەدان لاپەڕەی ویستووە تا بەو قۆناغە گەیشتووە.

ئەرستۆ لە سەرەتای کتێبی مێتافیزیک دا دەڵێت، "هەموو مرۆڤەکان، لە سروشتی خۆیاندا ئارەزووی مەعریفە دەکەن" (ارسطو، ١٣٩٢: ٣). هەر ئەم ئارەزووی مەعریفەیە ئەو توانای بیر و وەستان و ڕامانە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە بیر لە گۆڕینی ژیانی بکاتەوە و هەمیشە لە هەلی دووبارە بگەڕێت بۆ دەستپێکێکی نوێ. هەڵبەت ئەزموون، هونەر، جوڵە، هێزی یەکەم، خودا، توانای گۆڕان و گۆڕانکاری لە بابەتەکانی کتێبی مێتافیزیکی ئەرستۆن، کە لە دارشتنی چوارچێوەی توێژینەوەکەماندا کاری

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەسەر دەکەین و دواتر لە بەشەکانی شیکاری و خوێندنەوەی دوو دەقە ئەدەبیەکەماندا ئامراز و هۆکاری باشتر تێگەشتنمان دەبن لەو کارانە.

ئێمە لەو بڕوایەداین، خستنە ڕووی تیۆریەی مێتافیزیکی ئەرستۆ وەک ڕێنیشاندەر و بەردەبازی گەشتن بە تێگەشتنی دروست و ورد بۆ بیرۆکەی سەرەکیی توێژینەوەکە، بەکارهێنان و هەڵبژاردنێکی ئاگایانەی ئەو کتێبەیە بۆ ڕاڤەی هەردوو کارە ئەدەبییەکە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم تێگەشتنەی دکتۆر ئیمام عبدولفەتاح ئیمامە، کە دەنووسێت: "ئاشکرایە کە مێتافیزیک بەو وەسفەی کە گەڕانە بەدوای ڕاستی و حەقیقەتدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و نزیکی لەگەڵ ئەدەب و ئاییندا هەیە. لەبەر ئەوەی هەردووکیان ئامانجیان ڕۆچوونە بەدوای دیاردە بوونییەکانی بەردەمیاندا تا حەقیقەتە شاراوەکانی پشتەوەیان بدۆزنەوە. دەشتوانین بڵێین لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە کە پەیوەندیی مێتافیزک بە ئەدەب و ئاینەوە بەهێزترە لە پەیوەندی لەگەڵ هەر لقێکی تری مەعریفەی مرۆیی لەو ڕووەوە کە گرنگیدانی ئەو هاوشێوەی ئەدەب و ئاین، گرنگیدانێکی ڕاستەوخۆیە بە دوا حەقیقەت..." (إمام، ٢٠٠٥: ٤٩-٥٠). پاش ئەم ڕۆچوونە مێتافیزیکییە کە دەبێتە هۆی ژیانێکی نوێی فازیلانەی مانادار لە هەلی دووبارەی ژیاندا، بەراوردکاریەک دەکەین لەنێوان هەردوو ئەدیبدا لەپێناو خستنەڕووی لێکچوون و جیاوازیەکانی تێگەشتن و بەرخوردی هەریەکەیاندا سەبارەت بە چۆنێتیی ئەو ژیانەوەیە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەو کێشەیەی کە ئەم توێژینەوەیە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگای گەیشتنە چارەسەریدایە، چۆنیەتی لەدایکبوونەوەی دووبارەیە پاش خاڵیبوونەوە و بەهیچ گەیشتن لەدوای ژیانی پێشوو؛ دواتر دەستپێکردنی ژیانێکی نوێی جیاواز لە ڕووی چۆنیەتییەوە لەوەی پێشوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە کەشفی ئەو ژیانە نوێیە و چۆنیەتی گەیشتنە پێی لە ڕێی ئەدەبەوە، بە دروستتر لەڕێگەی ئەو تەرزە ئەدەبییە عیرفانی و میتافیزیکییەوە کە لای نووسەرانی وەک فیۆدۆر دۆسۆیۆفسکی، لە ڕۆمانی تاوان و سزا دا و شاعیری کورد مەولەوی، لە پارچە شیعری «ڕوێ فکر بەخت» دا بەدی دەکرێت.

**گرنگیی توێژینەوەکە :**

پیشاندانی گرنگیی و ڕۆڵ و بایەخی ئەدەبە لە بەئاگاهێنانەوە و ڕێنیشاندەریی و ئاراستەکردنی تاکدا بەرەو خودناسی و دنەدانی بۆ گۆڕانکاری و ڕۆح کردنەوە بە بەری خۆیدا، پاش دۆزینەوەی حەقیقەتی بوون و ماهیەتی خۆی.

**بانگەشە:**

بانگەشەی توێژینەوەکەش ئەوەیە کە بابەتی دووبارە لەدایکبوونەوە و بەسەربردنی ژیانێکی نوێ و جیاواز، لە ئەدەبدا پانتاییەکی شایان و گرنگی هەیە؛ بەتایبەت لای ئەدیب و عارفانی وەک دۆستۆیڤسکی و مەولەوی. لە ئەدەبی ئەم تەرزە نووسەرانەدا (وەک لە توێژینەوەکەدا بەدوایدا چووین) لەدایکبوونەوە بابەتێکی جەوهەرییە و بەوپەڕی بایەخپێدان و ڕۆچوونەوە بەرخوردیان لەگەڵدا کردووە. بانگەشەیەکی تری توێژینەوەکە ئەوەیە ئەوەی دۆستۆیفسکی لە ڕۆمانێکی قەبارە گەورەدا توانیویەتی ڕۆشنی بکاتەوە، مەولەوی لە شیعرێکدا چڕی کردۆتەوە و هەمان پەیامی گەیاندووە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەراوردکاریمان بەکارهێناوە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی چەمک و بیرۆکەکان، لەژێر ڕۆشنایی تیۆری میتافیزیکای ئەرستۆدا. پاشان بەراوردکردنی بیرۆکە و ئایدیاکان لەلای دوو نووسەری جیاواز لە باکگراوندی کولتووریی و شارستانیدا و هاوشێوە لە تێفکرین و وێناکردندا.

### میتۆدۆلۆجی

### مێتافیزیکی ئەرستۆ: چوارچێوەیەکی تیۆری

فەیلەسوفی هاوچەرخی بەریتانی ئەلفرێد نۆرس وایتهێد دەڵێت، "هەموو فەلسەفەی ڕۆژئاوا هیچ نییە جگە لە پەراوێزێک بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون" (qtd. in Bressler, 2012: 20). ئەم دەربڕینەی وایتهێد دروستتر و کامڵتر دەبوو گەر بیگوتایە "بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ"، چون ئەرستۆ تەواوکاری فەلسەفەی ئەفلاتوونە. هەر لەبەرئەمەشە گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵ دەڵێت، "ئەگەر فەلسەفە جددی وەربگیرێت، ئەوا هیچ شتێک شایستەتر نییە لەوەی دەربارەی ئەرستۆ قسە بکرێت" (هاتووە لە. ارسطو ٤٠).

ئەرستۆ یاخود ئەریستۆتڵ (٣٨٤ – ٣٢٢ ی پ. ز) فرە بەرهەم و پڕکاری فەلسەفی بووە، لە سەدەی نۆزدەدا کۆی بەرهەمەکانی لەلایەن توێژەری ئەڵمانی ئیمانوێل بێکەر لە ئەکادیمیای پروسی بڵاوکرایەوە کە متمانەپێکراوترین کۆبەرهەمی ئەرستۆیە. بەرهەمەکانی خۆی لە بیست و پێنج بەرهەم دەبینێتەوە کە ماونەتەوە و نەفەتاون بە کاتیگۆریا دەستپێدەکات و بە مێتافیزیک کۆتایی دێت. مێتافیزیک یا بەزمانی نیکۆلائوسی دیمەشقی مێتا تا فوسیکا، واتە ئەوەی دوای بابەت و باسەکانی پەیوەند بە سروشتەوە هاتووە، تاجی فەلسەفەی ئەرستۆ و دژوارترین نووسینیەتی. خۆی بە فەلسەفەی یەکەمین ناوی بردووە کە بابەتی سەرەکی کتێبەکە فەلسەفەی یەکەم و خوداناسییە، ئەمە لەپاڵ بوون و نەبوون و چەند بابەتێکی بیرکاریدا.

کتێبی مێتافیزیک چواردە بەش یا کتێبە، بە ئەلفای گەورە دەستپێدەکات و بە بەشی نو کۆتایی دێت. بەشی دوازدەهەمی کتێبەکە واتە لامبدا لەڕووی کاتی نووسینەوە لەپێشتر و لەڕووی گرنگیشەوە بە گرنگترین بەش و نووسینی ناو مێتافیزیک دادەنرێت، چون خوداناسی و جیهانناسیی مێتافیزیکی ئەرستۆ لەخۆدەگرێت.

لەم کتێبەدا کارمان بە چەند چەمک و واتایەکی دیاریکراو هەیە، وەک: زانین، بیرکردنەوە، جوڵان و گۆڕان، ڕەنگگرتنی خودایی (صبغة الله) بە گەڕانەوە بۆ تیۆلۆجیا و بنەڕەتی یەکەم و جوڵێنەری نەجوڵاو، یاخود خودا بەتێگەشتنە دینییەکەی. ئەو گەڕانەوە و تەسلیمبوونەش لەدایکبوونەوەی دووبارە و ژیانێکی نوێیە پاش دابڕان و وێڵبوون و ڕەنجکێشی.

دکتۆر ئارسەر هۆڵمز پرۆفیسۆری فەلسەفە لە شەرحی مێتافیزیکدا لە زنجیرە وانەکانی لە کۆلێژی ویتۆن، دەڵێت: "مێتافیزیک زانستی بوونە"، هەروەها دەڵێت، "مێتافیزیک دەربارەی توانست و توانایی شاراوەیە لە پرۆسەی گۆڕاندا بەناو کات و زەمەندا بۆ پەیدابوون و بەدیهاتن" (Lecture 10). دەربارەی پێوەری ناوەند و سەرەکی لای ئەرستۆ، دکتۆر هۆڵمز تێگەیشتنێکی قەشە هێنری ڤیچ دەخاتەڕوو لەسەر ئەرستۆ کە دەڵێت، "لەلای ئەرستۆ مرۆڤ پێوانەی هەموو شتەکان نییە، خودایە ئەو پێوانەیە (Lecture 12). ئەمەش وەک پێشتر خستمانەڕوو بابەتێکی سەرەکی مێتافیزیکی ئەرستۆیە.

سەرەتا بە مەعریفە یاخود زانین دەستپێدەکەین و دەگەڕێین بزانین لەم بارەوە مێتافیزیک چۆن دەرگیری ئەم چەمکە قووڵ و گرنگە بووە. زیاتر ئەرستۆ لە بەشی یەکەم و دووەمی مێتافیزیک دا، چەند تێگەیشتنێکی خۆی خستووەتەڕوو لەسەر زانین (مەعریفە). لەکۆتایی بەشی ئەلفای گەورەدا دەڵێت، "خۆشە ئەگەر زانستیش زگماکی بێت. ئێمە ئەو زانستەمان لەنێو خۆماندا بەبێ ئەوەی بزانین هەڵگرتبێت" (٢٠٠٨: ٤٥-٤٦). ئەمەش وەک تەواوکاری دەستەواژەی یەکەمی مێتافیزیک خۆی دەردەخات کە دەڵێت، "هەموو مرۆڤێک لە سروشتی خۆیدا خولیای فێربوونی هەیە" (١٦).

ئەرستۆ دواتر فەلسەفە و زانین پێکەوە گرێ دەدات بە ئامانجی گەشتن بە حەقیقەت و دەڵێت، "فەلسەفە زانینی ڕاستییە" (٤٨). چون لای ئەرستۆ فەلسەفە زانستی باڵایە و زانستیش لای ئەرستۆ ئاسان وەچنگ ناکەوێت؛ ڕێ و ڕێبازی خۆی هەیە و بەم شێوەیە دەیخاتەڕوو: "ئەو کەسەی بەدوای زانیندا وێڵە دەبێت میتۆدی گەڕانیش فێربێت. ئەمەش ئاسان نییە" (٥٢).

یەک لە میتۆدەکانی دەستکەوتنی مەعریفە بیرکردنەوە و سەرسوڕمانە، کە کاریگەرترین ڕێگاشە، ئەرستۆ دەڵێت: "هەموو کەسێک لە سەرسوڕمانەوە لە ئاستی شتەکاندا دەستپێدەکات" (٢١). پێش ئەم دەربڕینەش دەڵێت: "ئەوانەی لە مێژووی بیرکردنەوەدا سەریان سوڕما فەلسەفەیان داهێنا. سەرەتا بابەتی سەرسوڕمانەکەیان ئاسان و نزیک بوو. لەدواییدا ڕوویان کردە کێشە گەورەکان" (٢٠). لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە بیرکردنەوە و سەرسوڕمان سەر بە یەک تەرزی کردەی ئاوەزی و هۆشین،

sjh@univsul.edu.iq

وە بە زیادکردنی یادکردنەوە ئەو سێ کردە کاملتر و خاوەنەکەی باشتر فێردەبێت. لەم ڕووەوە ئەرستۆ دەڵێت: "زیندەوەرەکانی دیکەش هەستکردنیان هەیە. هەندێکیان (لەگەڵ هەستکردندا) یادیش دەکەنەوە. ئەوانەی یاد دەکەنەوە لە زیندەوەرەکانی دیکە باشتر فێر دەبن" (١٦).

هەر لە هەمان پەرەگرافدا ئەرستۆ لەسەر یادکردنەوە تێگەشتنەکەی کاملتر و ڕوونتر دەخاتەڕوو: "مرۆڤ لەسەرووی ئەم زیندەوەرانەوە بە هونەر و یادکردنەوە دەژی. یادکردنەوەی ئەزموونەکانی پێکەوە گرێدەدات و دەبن بە توانا بۆ زانست و هونەر. زانست و هونەر بەرهەمی ئەزموونەکانی مرۆڤن" (لاپەڕە ١٦).

ئەرستۆ مرۆڤی بێ بیر و بیرکردنەوە بە نەبوونی ڕۆشنایی بۆ ژیان دەخاتەڕوو، تەنانەت بە نابیناش وەسفی دەکات: "کوێربوون لە نەبوونی تەواناییەوە بۆ بیرکردنەوە نزیکە" (٢٠٦). لای ئەرستۆ هزرین و زانین نەک پێویستن بەڵکو پیرۆزیشن، هاوکات ئەوەش دەخاتەڕوو ژیان بوونی کردەکی بیرە، سەرچاوەی ژیانیش خودایە و خوداش هەمیشەیی و چاکترینە. ئەم پەرەگرافەی ئەرستۆ تژییە لە مێتافیزیک و ئەوەی بابەتی مێتافیزیکیشە. ئەوەتا لە بەشی دوازدەی مێتافیزیک دا دەڵێت:

> کە وابوو، بیرکردنەوە لە ناوەوەی خۆیدا بیر لەو بابەتە دەکاتەوە کە چاکترینە. بیر لە خۆی دەکاتەوە، چونکە یەک بوونی لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی بیرکردنەوەدا هەیە. لە بیرکردنەوەدا، بابەتی بیرکردنەوە و بیرکردنەوە یەکدەگرن. چالاکی بیرکردنەوە لە وەدەستهێنانی بابەتەکەدایە. لەبەرئەمە، زانین تەنیا توانای فێربوون نیە، بەڵکو لایەنی پیرۆزی بیرکردنەوەیە، خۆشترین و چالاکترین چالاکی هۆشە. بوونی خودا لەوپەڕی خۆشیدایە. ئەگەر بوونی کردەکیی بیر ژیان بێت، ژیانیش لەخواوە پەیدابووبێت، ئەوا ژیان هەمیشەیی و چاکترینە. خودا بوونەوەرێکی زیندووە، هەمیشەییە، چاکترینە و ژیان و بەردەوامی ژیان لەودایە. (٢٦٨-٢٦٩)

ئێستا کە بیر هێندە پەیوەندیدار و تێکئاڵاوی ژیان و پیرۆزی و خودا بێت، پرسیار ئەوەیە کە ئایا خودی بیر و بیرکردنەوە بەتەنها کافییە و هیچیتر یاخود نەخێر، ئەوە بیر نییە کە گرنگ و پیرۆز و خوداییە، بەڵکو بابەتی بیرلێکراوە کە گرنگی بیرەکە دەردەخات و دەیکات بەکردەیەکی ئاوەزی و هۆشی پیرۆز، لەم بارەوە ئەرستۆ دەڵێت: "کەوابوو، بیرکردنەوە خۆی بە پیرۆزترین و بەنرخترین بابەتەوە ماندوودەکات، کە نەگۆڕە. گۆڕانکاری [لەم جۆرە بوونەدا] بەرەو پێشەوە چوون نییە و جوڵانە. ئەگەر بیرکردنەوە هۆیەکی دەرەکی هەبێت و لەم بوونەدا تەوانایی بێت ئەوا ئەم بوونە ماندوو دەکات. دووەمیش، [لەم بۆچوونەوە] بەو باوەڕە دەگەین، کە بیرکردنەوە پیرۆز نییە و بابەتەکەی شتێکی پیرۆزە" (٢٧٤).

وەک پێشتر خستمانەڕوو کە بوون یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی مێتافیزیک، دوای باسی بوون و نەبوون ئەرستۆ لە بەشی لامبدا دەڵێت: "بەهای بوون لە بیرکردنەوەدایە" (٢٧٤). هەڵبەت ئەو بەهایە بابەتی بیرلێکراوەش بەبەهاتر و شایەنتری دەکات. دواتریش لە بەشی کەسایەتی ڕاسکۆلنیکۆڤ و شیعرەکەی مەولەوی کوردیش ئەو ڕاستییەمان بۆ نمایاندەبێت کە بۆچی بابەتی بیرلێکراوە لەلای ئەرستۆ پیرۆزی بە بیر و بیرکردنەوە دەدات.

دوای بابەتی سەرسوڕمان و یادکردنەوە و بیر و بیرکردنەوە، ئێستا کاتی گواستنەوەیە بۆ بابەتی جوڵە و گۆڕان، کە بەکردەبوونی بابەتی بیر و سەرسوڕمان بەرهەمدار دەبێت، چ بەرهەمی فیزیکی بێت یاخود مێتافیزیکی بێت.

سەرەتا بە گریمانە بابەتی جوڵان دەخاتەڕو، کە دەڵێت: "ئەگەر جوڵان هەبێت، شتێک بجوڵێت، هەموو شتێکیش کە دەجوڵێت لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە دەجوڵێت. لێرەدا جوڵاوەکە دەبێت لەنێو جوڵێنەرەکەدا بێت. ئینجا لەوەوە دەرچێت و بەرەو ئەو شتە بڕوات، کە بۆی دەجوڵێت" (٢٣٧). دواتر ئەرستۆ ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەبێت شتێک هەبێت ئینجا دەجوڵێت، وەک دەڵێت: "جوڵانیش بەبێ شتەکان نابێت. ئەوەی دەجوڵێت یان دەگۆڕێت بەگوێرەی کاتیگۆرییەکانی بوونە" (٢٤٣). ئەرستۆ بەو ئەنجامە دەگات کە "بەقەدەر جۆرەکانی بوون جوڵان و گۆڕانیش هەن" (٢٤٤).

جوڵان ئەگەر هەر جوڵان بێت بەبێ کردە و ڕوو لە وارێک، بێهودەیە لەبەرئەوە ئەرستۆ بڕوای وایە کە "جوڵان، بەو شێوەی ئێمە باسمانکردووە، جۆرێکە لە کردەکی، کە هەیە" (٢٤٥). ئەرستۆ لەپاڵ جۆرەکانی جوڵان، جوڵێنەریش دەکات بە سێ جۆرەوە: "سێ جۆر جوڵێنەریش هەن. ڕووداو، بەش و بنەڕەتی" (٢٤٩-٢٥٠). هەر لە هەمان پەرەگرافدا، ئەرستۆ سێ جۆر گۆڕانکاریش دەخاتە ڕوو: "گۆڕانکارییەکان سێ جۆرن. یەکەم، ڕووداو، بۆ نموونە مۆسیقازانێک قیاس دەکات. دووەم،

گۆڕانێکی ناوەکی. ئەمەش لەبەشێکی هەمووەکەدا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی بۆ گۆڕانکاری لەنێو هەمووەکەشدا. بۆنموونە لەگەڵ چاکبوونەوەی چاوێکی نەخۆشدا هەموو لەشی گۆڕانی بەسەردا دێت. سێیەم، گۆڕانکاری بنەڕەتی، کە توانای گۆڕانکارییەک لەخۆرسکی شتە گۆڕاوەکەدایە" (٢٤٩).

گۆڕانکاریش یەکێک لە دەرئەنجامەکانی دروستبوونی شتێکی نوێیە، کە ئەرستۆ ئەم دروستبوونە تەنها لەیەک جۆر گۆڕاندا دەبینێت: "گۆڕانکاری لە نا-بابەتەوە بۆ بابەت پەیدابوونە. لەکاتێکدا بابەتە پەیدابووەکە بەتەواوی شتێکی نوێیە، پەیدابوون کە بەرەها و لەبەشێکیشدا بە ناتەواو دادەنرێت. گۆڕانکاری لە بابەتێکەوە بۆ نا-بابەت تێکشکاندنە. تێکشکاندنی رەهای لەناوچوونی تەواوی بابەتەکەیە و ناتەواویش پەیوەندی بە لەناوچوونی بەشێکەوە هەیە" (٢٥٠).

ئەرستۆ بیرچوونەوە و فێربوونیش بە جوڵان دادەنێت؛ بڕواشی وایە هەموو گۆڕانێک جوڵانە لە شتێکەوە بۆ شتێک. سێ جۆر گۆڕانیشی دیاریکردووە، گۆڕان لە چۆنیەتی و چەندێتی و شوێندا (٢٥٧-٢٥٨). ئێستا دێینە سەر پێگەیشتنی کامڵتری ئەرستۆ لەسەر جوڵان و گۆڕان لە بەشی لامبدا، لەم بەشەدا ئەرستۆ گۆڕان دەکات بە چوار بەشەوە نەک سێ بەش وەک پێشتر خستمانەڕوو، بەم شێوەیە: "چوار جۆر گۆڕان هەیە: گۆڕان لەبووندا، چۆنیەتی و چەندێتی و گۆڕان لەنێو شوێندا" (٢٥٦-٢٥٧). ئەرستۆ ئەم جۆرە گۆڕانە بەم شێوەیە ڕوونتر دەکاتەوە: "گۆڕانکارییەک لە بوونی (ئەو شتە)دا [یان لە بوونێکی هەندێکی دیاریکراودا] پێکهێنان تێکشکانە. گۆڕانکاری چەندێتی کەمکردن و زۆرکردنە، گۆڕانکاری چۆنیەتی ئاڵوگۆڕ کردنە. گۆڕانکاری لەنێو شوێندا جێگا گۆڕینە یان جوڵانە. گۆڕانکاری لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی ناکۆک لەچەند ڕوویەکەوە ڕوودەدات. ئەو ئەستوەی گۆڕانی تێدا ڕوودەدات هەردوو حاڵەتەکەی تێدایە و حاڵەتی یەکەمی هێزەکی و دووەمی کردەکیە" (٢٥٧).

ئەرستۆ دواتر باسی ئەو فۆرمە نوێیە دەکات کە لە میانەی گۆڕانکاریەکان و لە ئاڵوگۆڕی شتەکانەوە ڕوودەدات. هۆی جوڵانیش بە جەوهەر ناودەبات. هەروەها دەڵێت جوڵان بەهۆی کارتێکردنی و توانای جوڵانەوە ڕوودەدات، دەنا ڕوونادات. زیاتر لەسەر ئەم بابەتەش ڕادەوەستێت و دەڵێت جوڵان مەبەستدارە و جوڵانی بێ کۆتایی و بێ مەبەستمان نییە. بەواتایەکی تر جوڵان لەگەڵ ئەوەی هۆ و جوڵێنەری هەیە مەبەستیشی هەیە و ئامانجدارە (٢٧٣). لەسەر بابەتی جوڵان و گۆڕان لە مێتافیزیکی ئەرستۆ، بەبڕوایی ئێمە ئەم بڕگەیە: "دەروونیش سەرچاوەی جوڵانە" (١٩٢)، وەک خاڵی کۆتایی کافییە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

ئەرستۆ بڕوای بەوە هەیە کە ناکرێت شتێک لەیەک کاتدا باش بێت و خراپیش بێت، یان سارد بێت و گەرمیش بێت. یاخود کەسێک تاوانباربێت و بێتاوانیش بێت، وەک دەڵێت: "ناکرێت لەیەک کاتدا شتێک هەبێت و نەبێت" (٢٣٤). یاخود: "دوو دەستەواژەی دژوەستا و لەیەک کاتدا بۆ ڕاستی شتێک دانانرێن" (٢٣٥). هەروەها: "هاوڕابوون لەگەڵ هیراکلیدس و ئەناکساگۆراسدا ڕاست نییە. ئەوان لەو باوەڕەدان، کە دەتوانرێت دوو باری ناکۆک لەیەک کاتدا بۆ بارهەڵگرێک دابنرێن" (٢٣٩).

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە خودا لای ئەرستۆ پێوەری شتەکانە نەک مرۆڤ؛ وە لەهەمان کاتیشدا خوداناسی لەلای ئەرستۆ چاکترینی زانستەکانە، وەک لەبەشی کاپا ئاماژەی پێدەدات: "ئێمە دەتوانین سێ جۆر زانستی بیردۆزی ڕیز بکەین: زانستی سروشتی، ماتماتیک و تیۆلۆجی. زانستە بیردۆزییەکان لە زانستەکانی دیکە چاکترن و لەنێو ئەوانیشدا سێیەمیان [تیۆلۆجی] چاکترینە چونکە مامەڵە لەگەڵ بەرزترین بابەت و یاسادا دەکات" (لاپەڕە ٢٤٠-٢٤١). خوداناسی یاخود وەک زۆرێک لەبیریاران ناوزەدی دەکەن بە مێتافیزیک، بابەتی بیرکردنەوە لە خودایە یاخود جوڵێنەری یەکەم.

ئەرستۆ لە بەشی دوازدەدا، جەخت لەم بابەتە دەکات و ڕوونتر دەیخاتەڕوو، دەڵێت: "باشتریش وایە باوەڕمان بە یەکەم هەبێت. دەبێت بە هۆیەکی هەمیشەیی بۆ جوڵان و دووەمیش هۆی جیاوازیەکان. ئەمەش لەشێوەی جوڵاندا دەردەکەوێت. چ پێویست دەکات بەدوای سەرچاوە و بنەڕەتی دیکە بگەڕێین؟" (٢٦٦). هەروەک دەشڵێت، "یەکەم جوڵێنەرە، کە هەموو شتەکان دەجوڵێنێت." (٢٦٢). دواتر هەر لەسەر جوڵێنەری یەکەم دەڵێت: "هەموو جوڵانێک [لە جیهاندا] لەناو شوێندایە و پاش بوونی [جوڵێنەری یەکەم] دێت" (٢٦٩).

ئەرستۆ جوڵێنەری نەجوڵاو بە خاوەن بوونێکی هەمیشەیی و جەوهەر و کردەیی دادەنێت. بۆیە بەڕوونی و بێگرێ دان بە بوونی خودایەکدا دەنێت و بە هەمیشەیی و زیندووی دادەنێت، هاوکات لەگەڵ سەرچاوەش بۆ ژیان و جوڵە. بەم شێوەیە دەربڕینە گرنگەکەی سەبارەت بە خودا دەخاتە ڕوو: "ئەگەر بوونی کردەکیی بیر ژیان بێت، ژیانیش لەخوداوە پەیدابووبێت، ئەوا ژیان هەمیشەیی و چاکترینە. خودا بوونەوەرێکی زیندووە، هەمیشەییە، چاکترینە و ژیان و بەردەوامی ژیان لەو دایە" (٢٦٩).

لەسەر ئەم پەرەگرافە و بەشی دوازدەیەم، دکتۆر ئیمام فەتاح ئیمام دەڵێت: "خودا لای ئەرستۆ جیهان ناجوڵێنێت بە فیزیکی لەڕێگەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆوە، بەڵکو دەیجوڵێنێت بەو پێیەی کە بابەتی شەوق و ڕەغبەیە، خودای ئەرستۆ کاتەکانی بەچێژوەرگرتن لە تێرامان لەخودی خۆی بەسەردەبات بەبێ ئەوەی بچوکترین بایەخ بدات بە بوونەوەرەکانی زەوی" (٢١٩). بەبڕوای ئێمە ئەم دەربڕینە زۆر ورد و دەقیق نییە، چون مادامێک ژیان لە خوداوەیە و بەردەوامییش لەوەوەیە، خودای ئەرستۆ بێباک و بێپەروا نییە لە بوونەوەرەکانی زەوی، بەتایبەت لە مرۆڤ کە خاوەنی بیرە و توانای بیرکردنەوەی لە چاکترینەکان هەیە کە فۆرمی باڵا و ئایدیای بەرز و ڕەهایی و خودایە.

ئەرستۆ لە دوا دێری بەشی دوازدەی مێتافیزیک، دێڕێکی هۆمیرۆسی شاعیر لە ئیلیادەکەی دەکاتە قوفڵی بەشەکەی و وەک باوەڕیشی بە خودا و یەک خودایی پیشانی دەدات، کە بەم شێوەیە: "بەڵام جیهان بەخراپی بەڕێوە نابرێت. فەرمانڕەوایی چەندی چاک نیە با یەک فەرمانڕەوامان هەبێت!" (٢٧٩). هەڵبەت باشترین دەربڕین و خاڵی کۆتا بۆ ئەم بەشە تیۆریەی توێژینەوەکە، گوشراوەکەی شویگلەری فەیلەسوف و ئەرستۆناسی ئەڵمانییە (١٨١٩-١٨٥٧)، لەسەر مێتافیزیک کە دەڵێت: "تەنها جەوهەری حەقیقی، یەکەمین و موتڵەق بوون، خودایە. خودا جەوهەرە لە بەرزترین پلەدا. ئەو بوونێکە بوونێکی واقعییە کە مێتافیزیک بەشوێن ئەوەوەیە. تێگەشتنی خودا بابەت و ئامانج و ئەنگێزەی هەموو مێتافیزیکی ئەرستۆییە. مێتافیزیک لەلای ئەرستۆ خوداناسییە" (١٠٠).

**تاوان و سزا**

**لەدایکبوونەوەی ڕاسکۆڵنیکۆڤ: کەسایەتیی نمایانی دۆستۆیڤسکی**

فیۆدۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی (١٨٢١-١٨٨١) نووسەرێکی پڕ بەرهەمی پرکاری ئەدەبی بووە، کارەکانیشی خۆی لە ڕۆمان، کورتە چیرۆک، نۆڤلێت و گوتاری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیدا دەبینێتەوە. چ لە یەکەم کاری وەرگێرانی کە Eugénie Grandet ی نوسەری مەزن بالزاک بوو، بۆ یەکەم ڕۆمانی هەژاران تا دوا کاری ئەدەبی ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤ، هەروەها تاوان و سزا کە لە ناوەڕاستی ژیانی ئەدەبیدا نووسیویەتی (Dostoyevsky, 2000: VII-X). کاراکتەرە ئەدەبییەکانی نمایانی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بووە. کوڕی نوسەری گەورەی فەرەنسی ئالفۆنس دودە، لەسەر پەیوەندی و شەیدابوونی باوکی بە تاوان و سزا دەڵێت: "باوکم ماوەیەک دەیویست کتێبێک لەسەر تاوان و سزا بنوسێت. تا ئەوکاتەی کە وەرگێرانی فەرەنسی ئەو بەرهەمەی دۆستۆیڤسکی بەدەست گەیشت. بەمنی گوت ئەم کتێبە زۆر زیاتر لەوەی کە من لە مێشکمدا دەمهێنا و دەمبرد بە باڵاترین شێوە بیری منی خستووەتەڕوو". دواتر دەڵێت: "باوکم لەوەبەدوا کتێبەکەی دۆستۆیڤسکی یەک سات لەخۆی دوور نەدەخستەوە و جار لەدوای جار دەیخوێندەوە" (٧).

گرنگی تاوان و سزا لای نووسەرە گەورەکان بەوشێوەیە بووە و ئەم نووسەرەش مشتێکە لە خەروارێک. هەر لەسەر تاوان و سزا وەرگێری پرکاری فارسی پەرویز شەهدی لە پێشەکی وەرگێرانەکەیدا بۆ تاوان و سزا دەنووسێت: "لە ئێستادا، بابەتی ڕەسەنی گفتوگۆی من تاوان و سزا و ڕاسکۆڵنیکۆڤ و دۆستۆیڤسکی یە. ئەم سیانە یەکێکن، ئەگەر لەنێو بەرهەمەکانیدا بمانەوێت یەکێکیان هەڵبژێرین کە بەسەرهات و کەسایەتی سەرەکیشی سێوێک بن و کرابن بەدووکەرتەوە لەگەڵ ژیان و تایبەتمەندییەکانی خودی دۆستۆیڤسکی، بێگومان ئەو بەرهەمە تاوان و سزا دەبێت" (١٠).

ئێستا کە ئەو سیانە یەکێک بن و کاری ئێمەش ناسینی گۆڕانە هزری و ڕۆحییەکەی دۆستۆیڤسکی بێت لەڕێی کەسایەتی و پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە کە ڕاسکۆڵنیکۆڤە، بزانین دۆستۆیڤسکی لەخۆڕا و بێ مەبەست ئەم ناوەی هەڵبژاردووە یاخود مەبەستێکی لە پشتەوەیە. ڕاسکۆ لە زمانی ڕوسی بەمانای «جیابوونەوە یاخود دووركەوتنەوە یاخود لادان» دێت و

sjh@univsul.edu.iq

مێژوویەکیشی هەیە کە لەسەدەی حەڤدەهەم کاتێک کەمینەیەکی مەزهەبیی بچووک لە باوەڕداره بەتەمەنەکان لە کڵێسای فەرمی جیابوونەوە. دواتر ورده ورده ئەم وشەیە ڕاسکۆڵنیکۆ لە زمانی ڕووسیدا مانایەکی تایبەتی پەیداکرد و بووبە «یاخی، ستەمکار». ئەمڕۆش بۆ کەسێکی ڕووسی-زمان ڕاسکۆڵنیکۆڤ هاوواتای مرۆڤێکی سەرکێش و لاسار و ستەمکاره (١٠).

گوتمان کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ کەسایەتیی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ئەم کەسایەتییە پرۆفیسۆر جەیمس ئێل ڕۆبێرت بەم جۆره دەیناسێنێت لە کتێبەکەیدا دەربارەی تاوان و سزا: "باشتره وەک دو کەسایەتی ببینرێت. ئەو هەندێک کات بە شێوه و تەرزێک کرده دەنوێنێت وه پاشان لەپڕ بەشێوه و تەرزێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشوو" (٩٧). دواتر جەیمس دوو ڕوو و لایەنی ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەخاتەڕوو لایەنێکی ئاوەزی فیکری کە پشتبەستووه بە تیۆریاکەی مرۆڤی نائاسایی یاخود سەروو ئاسایی؛ وه ڕووەکەی تری بریتیە لە مرۆڤێکی میهرەبان و پڕ لە وزه و دڵگەرمی (٩٧-٩٨).

ئێستا بە هەبوونی ئەم بەرچاوڕوونیانەی سەرەوه لەسەر دۆستۆیڤسکی و ڕۆمانەکەی تاوان و سزا و کەسایەتی سەرەکی، کاتی خوێندنەوه و چوونە ناو وردەکاریی ڕاسکۆڵنیکۆڤە، بۆ بەدواگەڕانی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە کە ژیانێکی نوێیە پاش لەدایکبوونەوه و هەڵی دووبارەی ژیان. هەڵبەت بە زانینی ئەوەش کە بەردەباز و ئامراز و چوارچێوەی کارەکەمان مێتافیزیکەکەی ئەرستۆیە و لەناویشیدا ئەو هەڵگۆزینانەیە کە ئێمە لە چوارچێوه تیۆریەکەدا وەرمانگرتوون و خستوومانەتەڕوو.

بۆ ئاسان تێگەشتن لە کەسایەتی ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەسەرەتای ڕۆمانەکەوه تا کۆتایی، دۆخ و حاڵی ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەکەین بەسێ قۆناغی سەرەکییەوه، ئەوانیش: قۆناغی یەکەم، پێش کوشتنی پیرەژنە سووخۆرەکە تا ساتی کوشتنی؛ واتە پێش تاوانەکە، کە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەیە. زانین و مەعریفەتی ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەم ئاستەی ڕۆمانەکە ئەوەندەیە کە بزانێت پێویستی بەکردەیەکی جیاواز و نائاساییە بۆ دەربازبوون لەو پەستی و دەستکورتی و قەڵسی و وەڕزییەی دووچاری ژیانی خۆی و خێزانەکەی بووەتەوه. دووەم قۆناغ، ساتی کوشتنەکە و پاش ئەوه، واتە تاوانکردنەکەی، کە زۆربەی زۆری بەشەکانی ڕۆمانەکە لەخۆ دەگرێت کە پێنج بەشە. یاد و بیرکردنەوه لە لایەک و جوڵە و گۆڕان و ئەدگارەکانی ئەم قۆناغەن. سێیەم قۆناغ، قۆناغی سایبیریایە، کە شوێنی پاکبوونەوه و بەسەربردنی سزای تاوانەکەیە لە زیندانی سایبیریادا، کە شوێنی دۆزینەوەی هەڵی دووبارەی ژیان و دەستپێکێکی نوێی ژیانە پاش دۆزینەوەی خودا لەڕێگەی سۆنیا و لازارۆسی ناو ئینجیلەکەوه.

**قۆناغی یەکەم:**

لە چۆنێتی و هۆکار و پاڵنەری بە کردەبوونی بیر و هزرینی ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەکۆڵێتەوه، یاخود لە چییەتیی ئەو درک و مەعریفەیە و چۆنێتی گۆڕانی بۆ بکوژ و تاوانبارێک.

وەک پێشتر گوتمان لەلای ئەرستۆ مەعریفە و زانین زگماکی و خولیا و ئارەزووی مرۆڤن؛ ئەم زانینەش وا لە مرۆڤ دەکات بپرسێت لە چی دۆخێکی ئاوەزی و جەستەییدایە. یاخود ئەو مەعریفە و زانستانەی بکاتە کردار تاوەکو بۆی دەرکەوێت کە ئایا ئەوەی پێیگەشتووه مەعریفەی حەقیقییە بۆ شتە بەرهەست و واتاییەکان. وەک ئەرستۆ گوتوویەتی ڕێگای گەیشتن بە مەعریفە سەخت و دژواره. گەر ڕێگای گەشتنەکە سەخت و دژواربێت بەکردەیی بوونیشی سەختتره و سەنگی بڕیاردانیشە لەسەر ڕاستی و ناڕاستی بوونی.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا دروستتر لە کۆتایی بەشی یەکەم مەعریفە و زانینی بەو بڕیارەیان گەیاند کە وا کارێک بکات لەپێناو دەربازبوونی لەو دۆخە سەخت و ناهەموارەی تێیکەوتووه. هەڵبەت چەند هۆکارێک هەبوون بۆ نواندنی ئەم کردەیە کە هەمان زانین و تێگەشتنەکانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ خۆی بوون تا ئەو ئاستەی ڕۆمانەکە: یەک، دووری لە خێزانەکەی. دوو، دۆخی دارایی خۆی و خێزانەکەی؛ یاخود هەژاریی تاقەتپڕوکێن، بەهۆی ئەمەشەوه قەرزداری و نەتوانینی پێدانەوەی بە خاوەن قەرزەکان. سێ، بیر و بیردۆزەکانی کە بڕوای پێی بوو، وەک بوون بە مرۆڤی باڵا. چوار، کردەیەک لەپێناو چاکەی گشتیدا. پێنج، خەون بینینە نائارام و کابووسییەکانی. شەشەم، دەروونی شڵەژاو و ئاڵۆزی.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ نزیکەی سێ ساڵێک ماڵی خۆیانی نەبینیبوو، وەک لەنامەکەی دایکیدا باسی کردبوو: "کوڕی ئازیزم، ئێمە لەوانەیە هەموومان لەماوەیەکی کەمدا لەدەوری یەک کۆببینەوە وە لەوانەیە پاش دووری و جیاییمان بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ دیسانەوە یەکتەری لە ئامێز بگرینەوە!" (٣٥). قەرزداری ڕاسکۆڵنیکۆڤ وایلێکردبوو، خۆی لەبینینی زۆر کەس دەشاردەوە ئەگەر نەڵێین هەموو کەسیش، بەتایبەت خاوەن ماڵەکەی: "ڕاسکۆڵنیکۆڤ بێهیوایانە قەرزداری خاوەن ماڵەکەی بوو وە دەترسا لە دیدار و بینینی ئەو" (٣).

خەونیش بەشێکە لە مەعریفەی مرۆڤ، گەر بکرێتە کردار بێ دوودڵی دەکرێت مەترسیداریش بێت: "خەونەکان بەزۆری یەک واقعیەت، درەوشانەوە و شێوەی نائاسایی حەقیقەتیان هەیە" (٤٩). ئەم ڕاستیەشمان لە خەونی ڕاسکۆڵنیکۆڤەوە بۆ دەردەکەوێت بە ئەسپەکەوە؛ کە ئەسپەکە دەکوژرێت بە دیلمەی ئاسن چەندین جار پیاماڵین بە سەر و پشتیدا، بێڕەحمانە ئەسپەکە دەکوژن و مرداردەبێتەوە: "میکۆلکا لەلایەکەوە ڕاوەستا دەستیکرد بە پیاکێشانی هەڕەمەکیانە بە ئەسپەکەدا بەو دیلمە ئاسنینەی کە پێی بوو. ئەسپەکە سەری بەرزکردەوە، هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و مرد" (٥٣).

باسوخواسی خوێندکارە هەڵچووەکە لەگەڵ ئەفسەرەکەدا لەو یانەیەی ڕاسکۆڵنیکۆڤی تێدابوو و بیستنی گفتوگۆکەیان و ڕژدبوونی خوێندکارەکە لەسەر کوشتنی پیرەژنە سووخۆرە پارەدارەکە لە پێناو چاکەی گشتی و پرەنسیپی عەدالەتدا: "بیکوژە، پارەکەی ببە، بە یارمەتی ئەو پارەیە خۆت تەرخان بکە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و چاکەی گشتی" (٥٩).

ئەم گفتوگۆیە کاریگەریی زۆری لەسەر دوا بڕیاری ڕاسکۆڵنیکۆڤ دانا. وەک یەکێک لە کانتییەکانیش و دواتر نووسەری کتێبی کانت و دۆستۆیڤسکی، ئافجینیا تشیرکاسوفا ئەمەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە: "یەک لە پەیڕەوکارانی کانت دەڵێت: "ئەگەر پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی فێرببوونایە کە لەکوێدا بەرپرسیاریەتییان تەواو دەبێت و بەرپرسیاریەتی ئەوانیتر دەستپێدەکات، دەیانتوانی خۆیان بەدوور بگرن لەو عەزابەی کە بەشێوەیەکی ڕەمەکی لە کۆڵیان گرتووە. ئایدیاڵبوونی دۆستۆیڤسکی لەسەر کۆمەڵگایەکی ئاکاری، دژە لەگەڵ مەملەکەتی مەبەستەکانی کانتی، ئەو ئایدیایە دامەزراوە لەسەر بەرپرسیاریەتی سەرتاپاگیری هەمووان بۆ هەمووان، ئەو بینینە بنەمای ڕەدکردنەوەی دۆستۆیڤسکییە لەسەر ئاکاری ئاوەزی سەربەخۆ" (تشیرکاسوفا، ٢٠١٩: 243).

دواتر لە بەشی پێنجەم و دروستتر لە لقی چواری ئەو بەشەدا، ڕاسکۆڵنیکۆڤ پاش گۆڕینی هۆکارەکانی تاوانەکەی، دواجار بە ڕاشکاوی خۆی هۆکارەکانی بۆ سۆنیا بەیانکرد:

> لەبەر ئەوە بڕیارمدا خاوەندارێی پارەی پیرەژنەکە بەدەستبهێنین وە بەکاری بهێنم بۆ ساڵەکانی یەکەمم بەبێ قەلەقکردنی دایکم، بۆ بەردەوامبوون لە زانکۆ پاش جێهێشتنی بۆ ماوەیەکی کورت... بۆ بنیادنانی کار و پیشەیەکی تەواو نوێ، وە چوونە نێو ژیانێکی نوێی سەربەخۆیانە (٣٥٠).

پاشان بە سوک تەماشاکردنی تاوانەکەی: "من مرۆڤێکم نەکوشتووە، من تەنها ئەسپێیەک، بێزراوێک یاخود زیندەوەرێکی زیانبەخشم کوشتووە" (٣٥١). هەروەها هۆکار و پاساوە دەروونی و زیهنییەکانی لەوەی چۆن بەهەڵەیاندا بردووە و بیر و مێشکیان ژاراویی کردووە:

> من وەک جاڵجاڵۆکەیەک لە ژوورەکەمدا دانیشتووم... ئایا دەزانیت سۆنیا، کە بنمیچی نزم و ژووری بچکۆلە مێشک و ڕۆح دەکرۆشێت و گرژی دەکات... لە شەودا هیچ ڕوناکییەکم نەبوو، لە تاریکیدا ڕادەکشام، پارەم بەدەستەوە نەبوو بۆ کڕینی مۆم. دەبوو بمخوێندایە، بەڵام کتێبەکانم فرۆشتبوو؛ وە تەپوتۆز یەک ئینج بەرز بووبوویەوە لەسەر تیانووسی تێبینییەکانی سەر مێزەکەم. لەبەرئەوە ئەوەم لا پەسەند بوو درێژ بکشێم و بیر بکەمەوە... (٣٥١).

دواتر دەیوت بۆ بەدەستهێنانی سامان و هێز ئەوەم کردووە وەک ناپلیۆن، یاخود ویستوومە کەسێکی بوێربم و خۆم بڕیار بدەم:

> دەمویست شتێکی تر بدۆزمەوە؛ شتێکی تر بوو ڕابەرایەتی دەکردم. ئاخۆ منیش ئەسپێیەکم وەک هەموو کەسێکی تر یاخود پیاوم. ئاخۆ دەتوانم باز بدەم بەسەر بەربەستەکاندا یاخود نەخێر، ئاخۆ بوێری خۆچەماندنەوەم تێدایە بۆ بەدەستهێنان و هەڵگرتن یاخود نەخێر، ئاخۆ من زیندەوەرێکی لەرزۆکم یاخود مافی ئەوەم هەیە کە..." سۆنیا دەستی خۆی بەتوندی گرت و بۆی تەواوکرد: "[بەڵام] بۆ کوشتن؟ بۆچ مافی کوشتنت [بە خۆت دا]؟ (٣٥٣).

sjh@univsul.edu.iq

ئەم دێرانەی دوایی بۆنی کاریگەربوونی دۆستۆیڤسکی لێدێت بە شیلەری ئەدیب و فەیلەسوفی ئەڵمانی، وەک لیزا ناپ لەکتێبی لابردنی تەوەزەلی: دۆستۆیڤسکی و مێتافیزیک دا خستوویەتیەڕوو: "دۆستۆیڤسکی کاریگەر بووە بە شیلەر، بەتایبەت قەسیدەی "خوداکانی یۆنان" کە میخایلی برای بۆ ڕووسی وەریگێراوە، پارچەیەکی ئەو قەسیدەیە دەڵێت: "هەموو سروشت مردووە و هیچ خوایەکی تەماشاکار لەسروشتدا نابینرێت..." (6).

دواجار ڕاسکۆڵنیکۆڤ تاوانەکە دەکات و تەورەکە دەکێشێت بە سەریدا: "خوێن فیچقەیکرد وەک بڵێی لە گڵاسێکی سەرەولێژ کراوەوە بێ. ڕاسکۆڵنیکۆڤ هاتە دواوە، ڕێیدا پیرەژنەکە بکەوێت بە زەویدا، یەکسەر خۆی چەماندەوە بەسەر دەموچاویدا؛ [ڕوانی] مرد بوو" (٦٩).

**قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە وەک پێشتر گوتمان سەرەکیترین و درێژترین بەشی ڕۆمانەکەیە. بە کردەی کوشتنی پیرەژنەکە دەستپێدەکات تا ساتی دانپێدانانی فەرمیی ڕاسکۆڵنیکۆڤ بە تاوانەکەی لە بنکەی پۆلیس. ئێستا کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ بە تەورێک ئەلیۆنا ئیڤانۆڤنای پیرەژنی سووخۆری کوشت و دواتر هەر لە شوێنی تاوانەکە و بۆ ئاشکرا نەبوونی تاوانەکە و بێ پلانی پێشوەختە خوشکی ئەلیۆنا، لیزاڤێتا ئیڤانۆڤناشی کوشت. بزانین ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە چ دۆخێکدایە.

هەر پاش تاوانەکە بیری کردەوە کە چ کارێکی شەیتانیی کردووە. بیرکردنەوەشی زۆر سەیر و ئاڵۆز بوو بوو، کە پەشیمانی یەک لە بیرە زاڵەکانی ناویان بوو: "بیری پچڕ پچڕ و پڕ هەرا و زەنا هەنگ ئاسا دەزرنگانەوە لە مێشکیدا، بەڵام نەیدەتوانی یەک بیریان ڕاگرێت، نەیدەتوانی لەسەر یەکێکیان جێگیربێت، سەرەڕای هەموو کۆشانەکانی..." (٧٧). یاخود، "بیرۆکەیەکی سەیر لەپڕ بە مێشکیدا هات، یەکسەر هەڵسێتەوە، بڕوات بۆلای نیکۆدیم فۆمیچ، و هەموو شتێکی پێبڵێت کە دوێنێ ڕوویداوە... باشتر نییە خولەکێک بیربکەمەوە؟ بە مێشکیدا هات. نەخێر باشترە ئەو بارە قورسەی سەرشانم دابگرم بەبێ بیرکردنەوە" (٩٢).

بیرکردنەوە لە لەکۆڵکردنەوەی ئەو ئەرکە سەختە، هەموو ساتێک هەستێکی نامۆ و سەیری بۆدەهێنا. تەنانەت هێندە بیری لەو تاوانە کردبوویەوە وەک نەخۆشیی لێهاتبوو بۆی، وەک دکتۆر زۆسیمۆڤ سەرنجی دابوو:

> بەگوێرەی چاودێرییەکانی، نەخۆشیی نەخۆشەکە بەشێکی پەیوەستە بە ژینگەی ئەستوویی نەگونجاوی ماوەی چەند مانگێکی کەمی پێشوو، بەڵام بەشێکیشی ڕیشەی ئاکاری بوو، یا وا بڵێین، ئاکامی چەند بابەتێک و کاریگەری ئاکاری، دوودڵی، ختوورەی دڵ، گرفت، بیرێکی دیاریکراو... هەتا دوایی. هەروەها مۆنۆمانیاش [زۆر پەرۆشبوون و گرنگیدان بە تاکە شتێک کە ئەوەش تەندروست نییە]. (١٧٧-١٧٨)

بەهۆی ئەم بیرە ئاڵۆزەیەوە، ڕازومیهینی هاوڕێی گومانی لە ڕاسکۆڵنیکۆڤ کردبوو تەنانەت هەستی بەوەش کردبوو لە نێوان دوو کەسایەتیدا دێت و دەچێت [بەبەردەوامی دەگۆڕێت] (١٨٤). ڕاسکۆ وەک لە قۆناغی یەکەمدا باسمانکرد هۆکارەکانی تاوانەکەی بۆ سۆنیا بەیانکرد؛ هەر لەوێشدا دانی بەوەدا نا کە هەڵەیکردووە لە کوشتنی پیرەژنەکە و خوشکەکەیدا، وتی، من هەڵە بووم: "باشە، ئەوە هەمووی بوو... باشە، بێگومان لە کوشتنی پیرەژنەکە من هەڵەم کرد... باشە، ئەوەش بەسیەتی و کافییە" (٣٥٠). بەزمانی خۆی ڕاسکۆڵنیکۆڤ دانی بەهەڵەبوون و تاوانبار بوونی خۆیدا نا، تاوان و هەڵەش بە واتا و تێگەشتنی دینی و مێتافیزیکی واتە ئەو کەسە گوناهبارە، گوناهباریش بە بۆچوونی لیزا ناپ لەخودا دوورکەوتووەتەوە و بەشە خوداییەکەی خۆی پێشگوێخستووە و لەناویبردووە؛ وەک دەنووسێت:

> مرۆڤی گوناهبار سروشت و تایبەتمەندی خودایی و ئاسمانی لەدەستدەدات و دەبێتە هیچ جگە لە ئەستوی بەرجەستە (فیزیکاڵ ماتەر)، ملدان بۆ یاساکانی بەرجەستە، لەنێویشیاندا تەمبەڵی و نەجوڵان. تێگەشتنی تایبەتی دۆستۆیڤسکی و ڕۆڵی لە بوونی مرۆڤدا، پاشان، وەرگیراوە لە داسەپاندنی باڵای نیوتنی فیزیک بەسەر مێتافیزیکی باوکانی کەنیسە." (١٩٩٦: ١٤)

ئێستا ڕاسکۆڵنیکۆڤی گوناهبار، لەبەردەم دوو ڕێگادایە: یەک، زیاتر دوورکەوتنەوە لە خودا و تایبەتمەندی خودایی و ئاسمانی، بە ئەنجامدانی تاوانی زیاتر و وەستان تەنها لە داننان بە هەڵەبوونی تاوانەکەدا؛ یاخود دووهەم ڕێگا، جوڵان لەو ئاستە بەرەو گۆڕانی ڕیشەیی و دەستپێکردنەوەی لە خاڵی سفری دوای پاکبوونەوە و بوونەوە بە مرۆڤێکی خودایی و وەرگرتنەوەی تایبەتمەندی خودایی و ڕۆحانی، پاشان دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێی جیاواز. ئەرستۆ جوڵە و گۆڕان جێی بایەخی بوون لە مێتافیزیکدا، بەوەی کە جوڵە لە شتێکەوە بۆ شتێکە مەبەستدار و ئامانجداریشە بۆ وارێکیش دەجوڵێت. هەروەها لەباسی گۆڕانکاریدا دەڵێت پەیدابوونی شتێکی نوێ ئاکامی گۆڕانکارییە.

ئێستا سەرەتا چەند مەیلێکی گۆڕانکاری ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەخەینەڕوو بە ئاراستەی گرتنەبەری ڕێگای یەکەم؛ وەک: ئامۆژگاریکردنی سۆنیا بۆ باشگۆڕان بەوەی پێیگوت باوکت هەموو شتێکی پێگوتووم دەربارەی تۆ؛ تەنها خۆت لە ئاو هەڵکێشە ئیدی توانای باشگۆڕانت هەیە، تۆ شایەنی مانەوە نیت لەم دۆخە قێزەونەدا چوون هێشتا ڕۆحت پاکە، چاوەڕێی چیت دەرئاسا!؟" (٢٧٥-٢٧٠).

هەروەها بەرگری کردنی لە سۆنیا لەکاتی تاوانبارکردنی بە دزی لەلایەن لوژینی دەزگیرانی دونیای خوشکیەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانە دژی سۆنیا. ڕاسکۆڵنیکۆڤ ئەمەشی لەبەر عەشقەکەیان و ئەوبڕوایەی کە پێی وابوو هەموو سەلامەتی و ئارامییەکی سۆنیا لەسەر ئەمە. ئەمەش دواجار بەرەو ڕێگای گەڕانەوەی دەبات بۆ لای بەشە خوداییەکەی خۆی (٣٣٨-٣٣٩). کێشانی تێچووی تەدارەکی تازێی باوکی سۆنیا و بەخشینی پارە بە دەرۆزەکەرێکی ژن و ڕزگارکردنی چەند منداڵێک لە ئاگر؛ ئەمانەش چەند مەیلێکی ڕوون و ئاماژەی بەرەو گرتنەبەری ڕێگای باشگۆڕان و گەڕانەوە بۆ بەشی چاکەی باڵای نەفسە پاک و خوداییەکەیە.

هەڵبەت ڕاسکۆڵنیکۆڤ چەند هەوڵێکی بەدگۆڕان و زیاتر نغرۆبوونی لە تاوان و خۆ زیاتر دوورخستنەوە لە خودا و لە ئاسمان هەبوون، وەک: بیری کوشتنی یەک لە دوانەی پۆرفیری یاخود سڤیدریگالۆڤ وەک دەربازبوون لەو زەلکاوەی دەبینی کە تێیکەوتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە گەر ئەوەی بکردایە زیاتر مایەی چەقین و ڕۆچوون بوو لەزەلکاوەکەدا (٣٧٦). هەروەها بەدگۆڕانێکی تریشی، بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بوو بە خۆخنکاندن لە ڕووباری نێڤادا؛ وەک ڕێگایەک بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو دۆخە دەروونی و ڕۆحییە نائارام و پەرێشانەی تێی کەوتبوو: "بەڕوونی بیرم ناکەوێتەوە. خوشکێ دەبینیت، دەمویست یەکجار بۆ هەمیشە بڕیار بدەم و مێشکم کۆکەمەوە، چەند جارێک لەلای نێڤاوە ڕۆشتم؛ ئەوەم بیردێتەوە دەمویست هەمووی لەوێدا بە کۆتا بهێنم، بەڵام... نەمتوانی بڕیار بدەم و مێشکم کۆکەمەوە" (٤٣٥). ئێستا کە نە یەک لە دوانەی پرۆفیری و سڤیدریگالۆڤی کوشتووە و نە خۆشی لەناوبردووە بە خۆ خنکاندن لە نێڤادا، کەواتە ڕێگای دووهەمی بەلاوە پەسەندتر بووە و جوڵەی بۆ کردووە.

با بزانین ئەو جوڵە و دواتریش گۆڕانە چی و چۆن بوون: یەک، جوڵەی بەرەو گۆڕانی ناڕیشەیی و نا بنەڕەتی وەک، هەڵهاتن بۆ ئەمەریکا کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ خۆشی بیری لێکردبوویەوە و جارێکیش سڤیدریگایلۆڤ بۆی پێشنیار کردبوو: "باشترە هەڵێیت بۆ ئەمەریکا، پەلە بکە. ڕاکە گەنجۆ! لەوانەیە لەوێ کاتت هەبێت. من بە دڵسۆزانە پێت دەڵێم. پارەت نییە؟ من پارەی تەواوی سەفەرەکەت دەدەمێ" (٤٠٨). دوو، پێکەوە هەڵهاتن لەگەڵ سۆنیادا بۆ هەر شوێنێک کە دڵخوازیان بێت و دووربێت لەشوێنی تاوانەکە: "تۆ ژیانی خۆت وێرانکردووە... لەوانەیە تۆ لەژیانی ڕۆحانی و تێگەشتوویدا ژیابێتی، بەڵام گەشتی بە تیاترۆخانە. تۆ تا کەی دەتوانیت بەڕوویدا بوەستیتەوە! ئەگەر بەتەنها بمێنیتەوە وەک من مێشکت لەدەست دەدەیت. تۆ هەر پێشوەختە وەک زیندەوەرێکی شێت بوویت. لەبەرئەوە پێویستە پێکەوە بڕۆین بەهەمان ڕێگەدا، با بڕۆین!" (٢٨٠). سێ، خۆ پەڕاوێزخستن و دوورکەوتنەوەی یەکجاری لە هەموو بەشەری خودا: "ئەگەر کرابایە هەڵبێت بۆ دورگەیەکی تەنها. خۆی بە کەسێکی بەبەخت دادەنا. هەتا ئەگەر پێویست بوایە هەموو تەمەنی لەوێ بەسەربەرێت" (٣٧١).

بەڵام ئەم ڕێگەیەش بێپەروایی بوو بەرامبەر بە خۆی و تاوانەکەی و خۆشەویستەکانی، وە لە مرۆڤبوونی دەخست وەک بوونەوەرێکی بەرپرسیار و خاوەن ئاکار؛ وەک ئافجینیا دەڵێت کە بێپەروایی لە سەرووی مرۆڤبوونەوەیە و دوورە لەکاری مرۆڤ کە خاوەن دڵە. کۆشانی بەرەو بێپەروایی کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوەیە لەبری ئەوە ئاراستەی دەکات بەرەو هەستکردن بەوەی ناتوانێت لە پەیوەندییە دڵیەکانی بەخشراو بێت (تشیرکاسوفا، ٢٠١٩: 243). کەواتە ڕاسکۆڵنیکۆڤ ناتوانێت دڵی پشتگوێ بخات و ئەو دڵەشی هەمان ئەو شوێن و کەسەیە کە پەنای بۆ دەبات و بۆی دەگەڕێتەوە، لەوە ڕزگاری دەکات کە واتای چی، شوێنێک نەبێت بۆی بچێت و پەنای بۆ ببات، بزانین ئەو کەسە کە سۆنیایە چارەی چییە بۆ گۆڕان یاخود درووستر بڵێین باشگۆڕانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ.

سۆنیا کە وەک ئاماژەی پێ درا پاشخانێکی ڕۆحی و تێگەشتنی ئینجیلی هەبوو، لەبەرئەوە لایەنگری تەواوەتی چارەی ڕۆحی و گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتی بوو، کە خۆی لە دانپێدانان بە تاوان و ڕەنجکێشان و پاکبوونەوە لە گوناهدا دەبینییەوە، پاشان دەستپێکێکی نوێ لەسفرەوە بەرەو ژیانێکی جیاواز و بەرز و باڵای خودایی. لەبەرئەوە سۆنیا پێشنیاری بۆ ڕاسکۆڵنیکۆڤ کرد دوای دانپێدانانەکە [هێنان و بردنێکی زۆری ڕاسکۆڵنیکۆڤ و پەنابردنەبەر کات بە فیرۆدان و وەدووی ڕێگای نادڵخواز کەوتن بۆ پاکبوونەوەی لە گوناه و گەشتن بە ئارامی]، کە بڕوات و دانپێدانان پێشکەش بکات یەکەمجار لەبەردەم خەڵک: "یەکسەر بڕۆ، هەر ئێستاکە، لەبەردەم ڕێگا یەکتربڕەکەی ڕێگا سەرەکیەکە بوەستە، سەرت نەوییکەرەوە بۆ هەموو جیهان بە هەموو مرۆڤەکان بڵێ بەدەنگی بەرز [من بکوژم!] پاشان خودا ژیانی دووبارەت بۆ دەنێرێت" (٣٥٤). ڕاسکۆڵنیکۆڤ تێگەیشت کە ئەمە ڕێگای بەرەو بەندیخانە و سایبیریایە. سۆنیا ئەرکەکەی زیاتر بۆ ڕاسکۆ ڕوونکردەوە بە ڕەنگێکی دینی: "ڕەنج بکێشە و بەوە گوناهەکەت پاککەرەوە، ئەوەی کە پێویستە بیکەیت هەر ئەوەیە" (٣٥٤).

ڕاسکۆ هەر ملەجیڕەی بوو، سۆنیا پێی گوت، "[گەر وا نەکات] چ بارێک هەڵدەگریت بەهەموو ژیانت" (٣٥٤). ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە قایلبوون نزیک دەبێتەوە و بەسۆنیا دەڵێت: "دێیت بۆ بینینم لەبەندیخانە کاتێک لەوێم [لە سایبیریا]؟" (٣٥٥). سۆنیاش وەڵامەکەی بەڵێ بوو. دواتر دەبینین کە چۆن سۆنیا دەبێتە کیمیای باشگۆڕان و زیندووکردنەوەی ڕاسکۆڵنیکۆڤ، پاش کەوتنە مەزنەکەی.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ بەرەو جوڵەی گۆڕانی ڕیشەیی دەڕوات و دەمی خۆڕئاوابوونێک خۆی دەیگەیەنێتە بنکەی پۆلیس و سۆراخی زامێتۆڤ و نیکۆدیم فۆمیچ دەکات، ئەوان لەوێ نابن تەنها ئیلیا پێترۆڤیچی لێدەبێت. دوای ئەوە ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە بنکەکە دێتە دەرەوە، سۆنیا لەدەرەوە بەدیارییەوە ڕاوەستاوە، کە سۆنیا بەو دۆخەوە دەبینێت تژییە لە ئاماژەی (ئیتر بەسە)، ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ بنکەی پۆلیسەکە.

> ئیلیا وتی: شتێکت لێ بەجێماوە؛ ڕاسکۆڵنیکۆڤ نزیکبوویەوە بەرەو مێزەکە ڕۆشت ویستی شتێک بڵێت، نەیتوانی؛ دەنگی پچڕپچڕی لێ دەبیسترا. ئیلیا گوتی ئاو بخۆرەوە! فەرموو کورسی دابنیشە! ڕاسکۆ لەسەر کورسیەکە دانیشت و بەدەستی ئاوەکەی ڕەتکردەوە، بە نەرمی و تێکشکاوی، بەڵام بەڕوونی، گوتی: ئەوە من بووم بە تەور پیرەژنە سووخۆرەکە و لێزاڤێتای خوشکیم کوشت و تاڵانمکردن. ئیلیا پێترۆڤیچ دەمی داچەقاند. خەڵک لەهەموو لایەکەوە هوروژمیان هێنا. ڕاسکۆڵنیکۆڤ دانپێدانانەکەی دووبارە کردەوە (٤٤٧).

**قۆناغی سێیەم:**

ئەم قۆناغە کە قۆناغی بەندیی سایبیریایە، دوا قۆناغی ڕۆمانەکە و ڕاسکۆڵنیکۆڤە بۆ وەدەستهێنانی هەلی دووبارەی ژیان و دەستپێکێکی نوێی پیرۆز.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ بە گواستنەوەی بۆ سایبیریا لەلایەن بنکەی پۆلیسی پێترسبۆرگەوە، جیۆگرافیای ژیانیشی گۆڕی وەک ئامادەبوونی تەواو بۆ ڕەنجکێشان و پاکبوونەوەی ڕۆحی؛ کە وەک سڤیدریگایلۆڤ وەسفیکرد، پێترسبۆرگ تاریک و دڵشکێنەر و ڕۆح ئازاردەرە: "بڕوام هێناوە کە زۆربەی خەڵکی لەپێترسبۆرگ کاتێک ڕێ دەکەن قسە لەگەڵ خۆیاندا دەکەن. ئەمە

sjh@univsul.edu.iq

شارۆچکەی خەڵکی دێوانەیە... کەم شار هەیە وەک پێترسبۆرگ زۆر غەمناوەر و تاریک و مات و دڵشکێنەر و کاریگەر بێت لەسەر ڕۆحی مرۆڤ" (٣٩٢-٣٩٣).

سۆنیاش کە ڕێگەچارەی پیشانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ داوە، دەبینین چۆن دەبێتە مەسیحی ڕاسکۆڵنیکۆڤ و ڕۆح و گیانێکی نوێی پێدەبەخشێت بۆ دەستپێکە نوێیەکەی. هەڵبەت سۆنیا لەلای خۆیەوە تەدارەکی ماددی و مەعنەوی گەڕاندنەوەی ڕاسکۆڵنیکۆڤی بۆ ژیانێکی نوێ، بەرنامەڕێژ کردبوو؛ وەک هاتنی بۆ سایبیریا بۆ لەنزیکەوە ئاگالێبوونی. هەروەها هێنانی دوو خاچ لەگەڵ خۆی، خاچە لە دار سەرووە دروستکراوەکەی کردە ملی ڕاسکۆڵنیکۆڤ و مسەکەش بۆ ملی خۆی؛ بەڵێنیشی پێ دا کە: "پێکەوە ڕەنجەکە دەچێژین و خاچەکەش هەڵدەگرین و تەحەمولی دەکەین!" (٣٥٥).

سەبارەت بە دوا قۆناغی ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە سایبیریا، کاتێک ڕاسکۆڵنیکۆڤ، بە تێگەشتنە ئەرستۆییەکە، وەک مرۆڤێک نەیتوانی لەیەک کاتدا هەڵگری تاوان و بێتاوانییش بێت، بەرەو زیندانی سایبیریا بەڕێکرا بۆ بەسەربردنی سزای تاوانەکەی و گەڕانەوەی بە بێتاوانی و پاکێتی. لەم ڕووەوە ڕۆمانەکە دەپشکنین بزانین چۆن سروشت و تایبەتمەندی خودایی و ئاسمانی بەدەستدەهێنێتەوە پاش لەدەستدانی بە هۆکاری گوناهی تاوانەکەی.

ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەبەشی سێیەمی ڕۆمانەکە لە گفتوگۆی لەگەڵ پرۆفیری و ڕازۆمیهیندا بڕوابوونی تەواوی بە خودا و بە زیندوبوونەوەی لازارۆسی بێتانی لەلایەن مەسیحەوە و قودسی نوێ، خستبووە ڕوو: "تۆ بڕوات بە قودسی نوێ هەیە، هەتە؟ بەڵێ هەمە...بڕوات بە خودا هەیە؟ بەڵێ هەمە... بڕوات بەزیندوبوونەوەی لازارۆس هەیە لە مردنەوە؟ بەڵێ هەمە. وشە بە وشە؟ بەڵێ لەئەلفەوە تا یاء" (٢٢٣). لەدوا دیداریشیدا داوای لە دایکی کرد کە نزای بۆ بکات وەک ئاماژەیەک بە بوونی هیوای بە خودا و بڕوای بە وەدەستهێنانەوەی سروشتە خوداییەکەی خۆی: "ناتوانم بمێنمەوە، پێویستە ئێستا بڕۆم... من ناتوانم بێم لەگەڵت؟ نەخێر، بەڵام کڕنووش بەرەو و نزام لە خودا بۆ بکە. لەوانەیە نزاکەت بەخودا بگات" (٤٣٤).

نەفەسی تازە و کەشێکی نوێ مێشکی ڕاسکۆڵنیکۆڤی زیاتر ئامادەکردبوو بۆ دۆخی سەختی ڕەنجکێشانی سایبیریا، ئەوەش پاش پێشنیارەکەی سڤیدریگایلۆڤ بۆی: "ئەوەی هەموو مرۆڤەکان پێویستییان بە هەناسەیەکی تازەیە، بە نەفەسێکی تازەیە....زیاتر لەهەرشتێک!" (٣٧٠).

ئێستا ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە سایبیریایە، بەبێ پێچوپەنا دانی بەکۆی تاوانەکەیدا نا؛ هەشت ساڵ زیندانی و کاری قورسی پلە دووی بۆ بڕایەوە. ئەو تەواو خۆی ڕادەستی دۆخی زیندان کردبوو، وەک گوتیشمان زیندانی وەک شوێنی پاکبوونەوە و ئامادەبوون دەبینی بۆ ژیانێکی نوێ و هەڵێکی نوێی جیاوازی ژیان؛ لەبەرئەوە بە ئازادانە لەوێ بیری دەکردەوە شتەکانی پێش و پاش تاوانەکەی جیاوازتر دەبینی و ژیانی لەلا بەبایەختر و بەهای ژیانی لەلا گۆڕا بوو. لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویاندا کە بوونە خاڵی دەستپێکی ژیانێکی نوێ لە سفرەوە هاوشێوەی مایەپووچبوونی قومارباز لە ڕۆمانی قومارباز دا (١٢٠-١٤٥)، وەک جێهێشتنی لەلایەن دونیای خوشکی و ڕازۆمیهینی مێردی خوشکی و هاوڕێی نزیکی، مردنی دایکی کە ئەمەی زۆر بێپەروایانە وەرگرت. ئیتر ڕاسکۆڵنیکۆڤ ئامادەی دەستپێکێکی نوێ بوو وەک کەسایەتییەکی نوێ؛ وەک دۆستۆیڤسکیش لە یەکێک لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ گونجانی جێهێشتنی کەسایەتییەک و دروستبوونی کەسایەتییەکی تر لەلایەن یەک مرۆڤەوە دەکات، لە یەکێک لە تیانوسی تێبینیەکانیدا، دۆستۆیڤسکی پێشنیارێکی سەرسوڕهێنەر پێشکەش دەکات: "هەوڵبدە دەروونت دابەشبکەیت، هەوڵبدە دیاریکەیت لەکوێ کەسایەتیت کۆتایی دێت، بۆئەوەی کەسایەتییەکی تر دەستپێبکات. دەکرێت ئەوە لەڕێگەی زانستەوە بکرێت؟ ئەوە بەدیاریکراوی یەکێکە لە بەڵێنەکانی زانست" (تشیرکاسوفا، ٢٠١٩: 244). ئەو زانستەش کە توانای وەها کارێکی هەبێت مێتافیزیک یاخود تیۆلۆجیا و خودناسییە، کە وەک ئەرستۆ دەڵێت بەرزترینی زانستەکانە.

دەستگرتن بە دامێنی مەسیحی پیرۆزەوە، وەک زیندوکردنەوەی لازارۆسی بێتانی گیانبەخش و ژیێنەرەوەیە. ئەمەیە ڕێگا و هەنگاوەکانی ئەو کەسانەی لە فیزیکەوە دەگەن بە مێتافیزیک. وەک قەشە پاوڵ بۆمان ڕوون دەکاتەوە: "باوەڕهێنان بە زیندوبوونەوەی مەسیح، مرۆڤ سەربەست دەکات لە بەندایەتی بۆ سروشت، مرۆڤ ئازاد دەکات لە دژیەکی"، ئەمەش ئەزموونی قەشە پاوڵ خۆیەتی لە سەرەتای ژیانیدا، ئەویش بە هەمان شێوە تێکۆشاوە و لە یاسای سروشتی دەرەکییەوە تێپەڕیوە بەرەو یاسای خودایی ناوەکی، تا گەیشتووە بە ئاکام و مەبەست (qtd. in Knapp, 1996: 12).

پێشتر خستمانەڕوو کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ گوتبووی بڕوای بەزیندوبوونەوەی لازارۆسی بێتانی و قودسی نوێ هەیە؛ لە سەروبەندی قایل بوونی بە خۆڕادەستکردن و ئامادەیی دەربڕین بۆ ڕەنجکێشان، بە سۆنیای گوت کە ئینجیلەکە بێنێت و باسی زیندوو بوونەوەی لازارۆسی بۆ بخوێنێتەوە؛ ئەم باسەی لازارۆس لەم بەشی سایبیریایەشدا دووبارەدەبێتەوە چون بەبڕوای ئێمە کرۆکی ڕۆمانەکەشە، سۆنیاش ئینجیلەکەی هێنا و کۆی چیرۆکی زیندووکردنەوەی لازارۆسی بۆ خوێندەوە. ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەپڕ پرسی "چیرۆکەکەی لازارۆس لەکوێیە؟ لە مزگێنی چوارەمدایە... ڕاسکۆڵنیکۆڤ گوتی بیدۆزەرەوە و بۆم بخوێنەرەوە... ئەی نەتخوێندووەتەوە؟... ڕاسکۆڵنیکۆڤ گوتی: زۆر زوو... کاتێک لە قوتابخانە بووم. بخوێنە!... ئێستا پیاوێکی دیاریکراو نەخۆش بوو، ناونرابوو لازارۆسی بێتانی...." (Dostoyevsky 276-277). سۆنیا ئایەتی نۆزدەی خوێندەوە:

مارتا و ماری لازارۆسی برایان بە نەخۆشی مرد، بڕوایان وابوو مەسیح لێرەبایە نەدەمرد. مەسیح لەو نزیکانەدا دەرکەوت؛ مارتا بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای و باسی براکەی بۆ کرد. مەسیح بەڵێنی زیندووکردنەوەی پێدا، چوون گوتی من زیندووبوونەوەم، بڕواهێنان بەمن نەمرییە. چووە سەر مەزاری: بەدڵ و چاوانی پڕ ئەسرینەوە لە خودا پاڕایەوە، خودا داواکارییەکەی پەسەندکرد؛ لازارۆس زیندوبوویەوە و لە گۆڕەکەی هاتە دەرەوە. ئامادەبووان هێدمە گرتنی و بڕوایان بە مەسیح و خودای مەسیح هێنا. سۆنیا بە چرپەوە گوتی ئەوە هەموو شتێک بوو دەربارەی لازارۆس (٢٧٦-٢٨٠).

دووبارە بوونەوەی ئەم چیرۆکە ئاماژە و ڕەمزی بوونی هەلی دووبارەی ژیانە و چیرۆکەکەش بابەتی تەوەریی ڕۆمانەکە و توێژینەوەکەشمانە. لەسەر لێوەرگرتنەکە و بڕواهێنان بە مەسیح و شێوازی خستنەڕووی چۆنیەتی زیندووکردنەوەی لازارۆس لەلایەن مەسیحەوە، ئەم پەرەگرافەی لیزا ناپ زیاتر هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەشتن لە باوەڕی مەسیحی: "بەگوێرەی بیروباوەڕی مەسیحی «مرۆڤی کۆن» ناپایەداری و ملکەچی بۆ یاسای سروشت دەهێنێت، «مرۆڤی نوێ»، مەسیح، بەڵێنی هەمیشە-ژیان و نەمری و ئازادبوون لەو یاسایانەی پێداوە" (13).

ڕاسکۆڵنیکۆڤ لە بەندیخانەی سایبیریا مژوڵی کێشانی ڕەنج و هەڵگرتنی خاچەکەیەتی، ڕەنجکێشانی ڕۆژانە و شەوانەی تێدەپەڕێنێت بۆ پاکبونەوە و ڕزگاربوون و گەشتن بە سەرووی سنووررداری بەرهەست و گەشتن بە ترانسدێنتاڵ: "پاکبوونەوە لە هەڵە و ڕزگاربوون، کە دۆستۆیڤسکی یەکسانی کردووە لەگەڵ لەناوبردنی تەمبەڵی، پشتی بەستووە بە بوونی فیزیکی نیوتن؛ بەیەک وشە واتە موتەعال [بوون یا ڕۆشتن لە سەرووی سنوری ئاسایی شتێک] (Knapp, 1996: 14).

بۆ ئەوەش جارێکی تر لەبەردەم سۆنیادا بەچۆکدا هات بۆ دواجار هەم وەک ڕەمزی دینی و هەم عەشقی، تا ئیتر نەکەوێتەوە و کەوتنی کۆتایی و سەرەتای هەڵسانەوە و زیندوبوونەوەی بێت، پاش مردنەکەی بە تاوانی کوشتن و نەبوونی هیچ جۆرە ئاراستەیەکی بۆ ژیان:

> سۆنیا دەیزانی و هیچ گومانێکی نەبوو کە ڕاسکۆڵنیکۆڤ ئەوی خۆشدەوێت لە سەرووی هەموو شتێکەوە و دواجار ساتەکە گەیشت... ئەوان دەیانویست دەست بە قسەکردن بکەن، بەڵام نەیانتوانی، فرمێسک لە چاوانیاندا قەتیس مابوو. هەردوک زەردەڵە و لاوازبوون؛ بەڵام ئەو دەموچاوە زەردەڵە نەخۆشانە، گەشانەوە بەسپێدە دەمی داهاتوویەکی نوێ، بە زیندوبوونەوەیەکی تەواو بۆ نێو ژیانێکی نوێ. ئەوان بە عەشق نوێبوونەوە، دڵی هەر یەکێکیان سەرچاوەی بێسنوری ژیانی هەڵگرتبوو بۆ دڵی ئەوەکەی تریان. (٤٦١)

وەک گوتمان چیرۆک و ناوی لازارۆس تەوەرییە لە ڕۆمانەکەدا، دیسانەوە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا باسەکە دێتەوە ئارا: "لەژێر سەرینەکەیدا ئینجیلەکە دانرابوو. بێ بیرکردنەوە خۆبەخۆ هەڵیگرت. کتێبەکە هی سۆنیا بوو؛ ئەو دانەیە بوو کە تێیدا چیرۆکی زیندوو بوونەوەی لازارۆسی بۆ ڕاسکۆڵنیکۆڤ خوێندبوویەوە" (٤٦١). ئەمەو ئەوانەی پێشووی ئاماژەو هێمای ڕوون و هاوکاربوون بۆ دووبارە ژیانەوە و زیندوبوونەوەی ڕاسکۆڵنیکۆڤ و دەستپێکی ژیانێکی نوێ.

ئیدی چیرۆکی لەدایکبوونەوەی مرۆڤێکی نوێ و ژیانێکی نوێی یەک مرۆڤ قۆناغ بەقۆناغ دەستپێکرد بە دانەوەی بەهاکەی لەڕێی ڕەنجکێشان و بڕواهێنان بە مەسیح و لازارۆس؛ ئەو مرۆڤەش ڕۆدیۆن ڕۆمانۆڤیچ ڕاسکۆڵنیکۆڤی کوڕی دایە پولخێریا ئەلێکسەندەرۆڤینا و ئەویندارى سۆنیای ڕزگارکەرە.

sjh@univsul.edu.iq

لەکۆتاییدا، مەعریفە و هزرینەکانی ڕاسکۆڵنیکۆڤ بە بڕیاری کردەی تاوانی کوشتنی پیرەژنەیان گەیاند. دواتر، سەرسوڕمان و بیرکردنەوە لێی گینگڵی پێدەدا؛ تا کەوتە جوڵەی بەرەو دوا و پێش، کە ئەمەی دووهەمیان جوڵەی ئامانجدار و بەرەو چارەسەر بوو. ئەویش بە تێپەڕبوونی بە عەشقی سۆنیای باوەڕداردا؛ بەرەو گۆڕانی ڕیشەیی بە دانپێدانان و ڕەنجکێشان لەپێناو پاکبوونەوەی لە گوناه. دواجار، ڕاسکۆڵنیکۆڤ لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێگای مێتافیزیکی و کردنە نموونەی چیرۆکی لازارۆس، ئەوەی بەدەستهێنا کە دەیویست؛ لەدایکبوونەوەی دووبارە و وەدەستهێنانەوەی سروشتی بەرز و پاکی خودایی و گەشتنە سەر ڕێگای باڵابوونی ڕۆح و وابەستەبوون بە موتەعال.

**ڕوێ فکر بەخت**

**بڕینی مەقاماتی ڕۆحی لە شیعری "ڕوێ فکر بەخت" ی مەولەوی دا**

مەولەوی کورد، شیعری وەک ناوەند و کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی زۆربەی فەلسەفەکانی بەکارهێناوە، لەمەشدا هاوشێوەی یۆنانییە کۆنەکان بووە (ئەرستۆ ٥ ، ١٤). لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی زیاتر شاعیر بووە وەک لەوەی فەیلەسوف بێت، بەپێچەوانەی فەیلەسوفانی وەک پارمەنیدس و ئێمپیدۆکلیس. شاعیر بوونی مەولەوی لە دیوانەکەیدا کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کۆیکردۆتەوە و بە شەرحی خۆیشی بڵاویکردۆتەوە، دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانە فەلسەفین و بیری فەلسەفییان لە هاناودا هەڵگرتووە. لەو شیعرانەش شیعری "ڕوێ فکر بەخت" لە دیارترین و نموونەییترین نوێنەرانی شیعرە فەلسەفییەکانی سید عبدالرحیم کوڕی مەلا سەعید نەوەی مەلا یوسف جان کوڕی مەلا ئەبوبەکر مصنفی چۆڕییە.

شیعری "ڕوێ فکر بەخت"، لەلایەک بۆ جوانتر لێتێگەشتن و لێوردبوونەوەی زیاتر، لەلایەکی تریش بۆ کارکردنمان لەسەر ناونیشانی توێژینەوەکە کە لەدایکبوونەوەی دووبارە و دەستپێکی ژیانێکی نوێیە لەلای مەولەوی؛ وە دواتر بەرخوردە میتۆدییەکەمان لەگەڵ مێتافیزیکی ئەرستۆ بۆ لێکدانەوەی ئەو شیعرە، دەکەین بە سێ قۆناغ یاخود بەشەوە.

**قۆناغی یەکەم**: بەشی بیرکردنەوە و تێرامانی مەولەوییە لە دۆخی ژیانی فیکری و مەعنەویی خۆی تا ئەو ساتە، وە هۆی نزمی و قەڵسیی دەروون و ڕۆحیی دەخاتەڕوو.

**قۆناغی دووەم**: بەشی ڕەنجکێشان و تێپەڕین لە وابەستەیی و گواستنەوەیە بۆ قۆناغی خاڵیبوونەوە و ئامادەبوون بۆ دەستپێکێکی نوێی ژیان، جیاواز لە قۆناغی یەکەم و پێش ئەو قۆناغەش.

**قۆناغی سێیەم**: بەشی چوونە ڕیزی خۆشبەختان و بەختیارانی ڕێگەی گەیشتنە بە دیدار و لیقای حەقی تەعالا و بەردەوامبوون لەسەری، کە دوا خاڵ و پلەی مێتافیزیک و پیرۆزبوونە و گەشتنەوەی ئەو بەشە ڕۆحەی خودایە کە لە مەولەویدا تەجەلایە بەو ڕۆحە بەرز و باڵایەی کە پیرۆز و خوداییە.

**قۆناغی یەکەم**:

ئەم قۆناغە قۆناغی شڵەژاویی دەروونی و ڕۆحیی مەولەوییە، چ وەک شاعیر چ وەک مرۆڤ. ئەو بەشەی ژیانیەتی کە تێیدا ڕاچڵەکین و بەئاگاهاتنەوەی تێدا ڕوودەدات.

شیعری "ڕوێ فکر بەخت"، بەنزیکەیی دەکەوێتە ناوەڕاستی دیوانەکەی مەولەوییەوە، بەبڕوای ئێمە دانانی ئەم شیعرە لەو شوێنەدا بێ هۆ نییە، وە گەر بەپێی دەستراگەیشتنەکانیش بێت بە شیعرە دۆزراوەکانی مەولەوی یاخود بەپێی ئەلفوبێ بێت، ئەوا دانانەکە زۆر مانادار و بەجێیە؛ چون شیعرەکە و تەمەنی مەولەویش بە بڕوای ئێمە لە ناوەڕاستی تەمەندا بووە. ئەم شیعرەشی بۆ هەر کەس نووسبێت، نزیکترین و درووستترین کەس خودی خۆیەتی، وەک لە بەشەکانی داهاتوودا ڕووندەبێتەوە.

دیوانەکەی مەولەوی دانراوی مودەڕیس بە شیعری "ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم/ دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم" (٢٦) دەست پێ دەکات. تا دەگاتە شیعری "ڕوێ فکر بەخت" چەندین بابەتی ڕۆشتن و زامی سەخت و گلەیی و سکاڵای دڵ لەخۆدەگرێت؛ تا دواجار لە دەستپێکی ئەوەوە دەگات بە ڕۆژ و دەفەرموێت: "ڕوێ فکر بەخت سیای وێم مەکەرد/ پەی چێش

هەر پەستی پەریَ من ئاوەرد" (٢٧٠). لێرەدا و لەم ناوەندی دیوان و ژیانە، مەولەوی دەست بە بیرکردنەوە دەکات لەو دۆخەی کەتێیدایە، کە دۆخێکی چەقبەستووی بێ بەرهەمی ئاسۆ لێڵە.

مەولەوی بیردەکاتەوە، وەک گوتمان لەلای ئەرستۆ بیر بەها بە مرۆڤ دەبەخشێت، شتی بیرلێکراوەش بەپێی بەهاکەی بیرەکە پیرۆز دەکات. مەولەوی بیر لە بوونی خۆی وەک مرۆڤێک دەکاتەوە، کە بۆچی هەر لە پلە نزمەکانی ژیانی ڕۆحی و عیرفانیدایە، بۆ وەک مرۆڤە باڵاکانی تر ئەمیش تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو پلە و پێگەیە:

> یاران گشت کەیف وەش سەفا فراوان/ یەک یەک وە عالای مەقامان یاوان/ گرد سەرشار مەی لەقا نماوە/ هەر من بەستەی خاک چەم ئەو دماوە. (٢٧٠)

کە دواتر ئەو پلەو پێگە ڕووندەبێتەوە کامە پلەو پێگەیە کە جێی بایەخ و چاوتێبرینی مەولەوی بووە. مەولەوی قەڵسی و بێحاڵییەکەی بۆ بەسترانەوەی بە شتی دنیایی و دینی ڕووکەشی و نەبوونی ئامادەیی بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی و جەوهەری دەگەڕێنێتەوە.

لەم ڕووەوە مامۆستا محەمەد ئەمین ئەردەڵانی، لە کتێبەکەیدا دیوانی مەولەوی کە وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی، باسێک لە پێشەکییەکەیدا دێنێت، کە زۆر پشتگیر و لایەنگیری ئەو بۆچوونەی سەرەوەی ئێمەیە سەبارەت بەوەی کە شیعرەکە تەعبیرە لەژیانی حەقیقی مەولەوی. لە دێی چروستانە، دوای ژنهێنان و ئاوڕدانەوەیەک لەژیان، هەڵوێستە دەکات و بیردەکاتەوە و ڕادەمێنێت لە دۆخی خۆی و دەپرسێت:

> ئایا تەدریس بەتەنها دەبێت بە زامنی بە خودا گەیشتن؟ ئەمەو چەندین پرسیاری تر لەو بارەوە، ماوەیەکی زۆر بەم ئەندێشە دەروونیانەوە لە بیر و خەیاڵیدا دەسوڕانەوە... تا دواجار بەدڵنیاییەوە ڕێی تەسەوفی گرتەبەر و بووە ڕێزە خوانی شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە کە خەلافەتی لە مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە وەرگرتووە پاش خوێندنێکی چەند ساڵەیی. (١٦-١٨)

مەولەوی لەو بارەدا دەبێت، وە دەشزانێت گەر فریانەکەوێت و بڕیارێکی چارەنووسساز نەدات بۆ جوڵە و گۆڕان و بوون بە شتێکی نوێ و کەسێکی تر وەک ئەرستۆ دەڵێت، ئەوا چارەنووسی هەر کەموکورتی و نەنگی و نزمی و خواردن و خەوە، تا ساتی فەوتانی یەکجارەکی و نەمانی؛ بەواتایەکی تر ژیانی ئاژەڵیانەیە: "هانە ئەشکەنجەی پەستی نەنگەدا/ تا مەنزڵ گێرۆ نە سای سەنگەدا" (٢٧٣).

ئەی ڕێوڕەوشی دەربازبوون لەو دۆخ و حاڵە چییە و چۆنە، مەولەوی خۆی پێشنیارە دروستەکە دەخاتە ڕوو، کە لەدایکبوونەوەیەکی دووبارەیە و زیندووکردنەوەی خود و ڕۆحە؛ مەسیح ئاسایی، بۆ گەیشتن بە بەختیاری و شادیی ڕۆحی نەمرانە: "هەرکەس تولد دووبارەش نیەن/ ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نییەن" (٢٧٣).

**قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە قۆناغی گەڕانە بەدوای مامۆستای ڕێ پیشاندەر و ڕەوشی لەدایکبوونەوەی دووهەم و ژیانێکی باڵا و شاد و سەرفراز.

ئەم قۆناغە، لەڕێی هاودەردێکی خۆیەوە کە پێشتر لە وەها دۆخێکی مەولەویدا بووە، دەبێتە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری مەولەوی بۆ فێرکردن و بازدانی بەسەر بەردەبازەکانی گەیشتن بە ژیانی بەرز و هەمیشەییدا، ئەو مرۆڤە ڕۆڵی سۆنیای ڕاسکۆڵنیکۆڤ دەبینێت بۆ مەولەوی. ئەم قۆناغە قۆناغی گۆڕینی بینین و دیدگایە، لە شێوە و تەرزی ژیان و ڕێگادا، جیاواز بینینە وەک سوهراب دەڵێ، "چشم ها را باید شست، جور دیگر باید دید./ واژه ها را باید شست./ واژه باید خود باد، واژه باید خود باران باشد" (٥٨). "چاوەکان پێویستە بشۆرێن، دەبێت بەجۆرێکی تر ببینین./ وشەکان دەبێت بشۆێن./ وشە دەبێت خۆی با بێت./ وشە دەبێت خودی باران بێت."

ئەم گۆڕینی دیدگا و بینینەی دوای بیرکردنەوە، بەهۆی هاودەردییەکی پێشووەوە دەبێت، کە بەمجۆرە کردەی جوڵە و گۆڕینەکەی بۆ بەیان دەکات:

"جەو فکرەدا بیم یەک هام دەرد وێم/ ڕێزە بلووریٚ قەدیمش دا پێم/ ئاما وە جواو ڕێزەی قەدیم ساڵ/ بە زوبان حاڵ فەسیح تەر جە قاڵ" (٢٧٠).

ڕێنماییە ئەزمونکراوەکانی شووشە ناسک و تەنکەکە، بە وتن بۆ مەولەوی بەیان دەکات، کە خۆیان لەلایەک، لە ئامادەبوون بۆ ڕەنجکێشان و سەختی، وەرگرتن و خوێندنەوەی وانەی قورس و قووڵی مامۆستایان و کتێبە کەمەندکێشەکان دەبینێتەوە. لەولاشەوە نەوەستان تا خاڵیبوونەوە و گەشتن بە هیچ و لە سفرەوە دەستپێکردنەوە:

وات: من سەنگێ بیم کەفتەی هەواران/ بێ قەدر و قیمەت نارەوای شاران/ گرتم نەگەردەن بێ باک و شادان/ بەڵای پیک سەخت کوورەی ئوستادان/ وردبیم جۆشم وەرد تاویامەوە/ تا وە ڕوتبەی بەرز سەر نیامەوە (٢٧١).

لەدوای ئەم چەند پلە برینە پلەی گۆڕانی حەقیقی بۆ شتێکی تر و کەسێکی تر لەڕێگەی جوڵەی مەبەستدارەوە وەک ئەرستۆ دەڵێت، دەستپێدەکات؛ کە لەهەمان کاتدا کۆشان و گۆڕانی سۆفیانەیە بەرەو ڕوحی پاک و خودایی ئەویش بە ئازادکردنی ڕۆح؛ وەک ئەدۆنیس لە کتێبەکەی تەسەوف و سوریالیزم، باسیدەکات: "لە کاتێکدا کە یەکەم [سوریالیزم] هەوڵدەدات کە ئازادی بۆ ئەندێشە و بیر بگەڕێنێتەوە، دووەم [تەسەوف] بۆ ئازادکردنی ڕوح تێدەکۆشێت" (٣٠). وەک پێشتریش گوتمان، مەولەوی وەرچەرخانەکەی بە سۆفی بوون و گرتنەبەری ڕێگای عیرفانی خودایی دەستپێکرد، لەڕێگای شێخەکەیەوە: عاڵەمێ تازە دیم هوەیدا بی/ شەخسێ عەجیوتەر جە من پەیدا بی (٢٧١).

ئەم بوون بەکەسێکی تر و مرۆڤێکی جیاوازتر لەوەی پێشووە، بە بینین و ئەزموونکردنی ئەو ڕەنج و سەختییانە دەبێت، کە مرۆڤێکی پێگەیشتوو و بەختیار پێشتر پێی گەیشتووە و ئەزمووونی کردووە و یەک یەک دەیخاتە خزمەت کەسێکی ئامادەی ئەو ڕێگە سەختە شایەنە تا دووبارە دەیژێنێتەوە؛ وەک عەلی شەریعەتی لە کۆڕی ڕێزگرتن لە ئیقباڵ بەناوی "ئیقبال: چاکسازی سەدەی کۆتایی"، لە سەرەتای قسەکانیدا ئەم وتەیەی ئیقباڵ لە کتێبی شاندل: تیانوسە سەوزەکانی ئیقبال دا دەکات بە دەستپێکی بابەتەکەی: "کاتێک مرۆڤێکی گەورە دەناسین کە لەژیاندا سەرکەوتووانە ژیاوە، ڕۆحی ئەو بە بەری خۆماندا دەکەین لەگەڵ ئەودا دەژین، ئەمەش ژیانی دووبارە بەئێمە دەبەخشێت" (٢٣).

دواتر مەولەوی باسی ئەو شوشە ناسک و جوانە بلوورئاسایە دەکات کە چ ژیانێکی جیاواز دەژی و دەبێت بە چ ماددەیەکی بەسوودی ئاسمانی، کە دەبێتە هاودەمی مرۆڤە بەرزەکان و بۆن و بەرامە دڵبەرەکان و هیوای پیر و لاو و هاودەمی یارانی زیباڕووی بەهەشتی. لەم چەند دێڕەی باسی بلوورەکەدا مەولەوی چەندین خوازە و وشەی ناباو و کورتبڕی پڕواتا بەکاردەهێنێت کە شاعیربوونی خۆی و شیعریەتی شیعرەکە زیاتر دەخەنەڕوو، وەک ئەرستۆ دەڵێت: "شیعری سەرکەوتو... لە دەقەکەیدا مێتافۆر و وشەی داهێنراو و ناباو دادەنێت" (١٠، ٥٤، ٥٦).

**قۆناغی سێیەم:**

مەولەوی کە بیری کردەوە، بیرێکی پاک و چاکی کردەوە، لەپێشدا بیرکردنەوەی دروست نەبوو، بەڵام لە ساتە چارەنووسسازەکەدا بیری سەرەتای پاک و چاک کردەوە پاشان بیری لە بیناکردن و دروستکردنەوەی مەولەوییەکی جیاواز و نوێ کردەوە، چون کە بیری دروست و چاک کرد ئیدی بیناکردن و دروستکردنەکە ئاسانترە، چون ئیتر بینین و دیدگا ڕوونە، ڕێ و ڕێبازیش خراوەتەڕوو ئێستا ساتی لەدایکبوونەوەکەیە، وەک ئیقبالی لاهورییش لەم شیعرە باڵایەیدا، ئاماژە بە سەرەتا بیر و ئینجا تەعمیر دەکات: "سەرەتا پاککردنەوەی بیر... پاشان ئاسانە بیناکردنەوەی [داڕشتنەوەی] بیر" (اقبال "گنجور").

بەم تێگەیشتنە ئیقبالیەوە کە سەرەتا دەبێت بیر پاککەینەوە، دوای ئەوە ئاسان دەبێت بیناکردنەوەی بیر. مەولەوی دەگات بەم دوا پێشنیارەی ڕیزە بلوورەکە، کە هەمان لازارۆسی ئینجیل و عوزەیری قورئانە، کە باس لە هەلی دووهەمی ژیانە و باسی دووبارە زیندوبوونەوەیە لەڕێی ڕاستی و دروستیی خودایی حەق تەعالاوە:

دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەر کەس دیش/ بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نە بینیش/ جەو بۆنۆ ئەو نوور هەڵای تاقی یەن/ نە ڕێزەی من دا بەرقش باقی یەن (٢٧٢).

ئەم پلە گرنگ و جێی کۆشانی مەولەوییە، کە ژیانەوەی پاش مردنە، وە هەڵی دووبارە گەیشتنە بە خودا و باڵابوونی ڕۆحی. مەولەوی بەئاگاوە لێی دوواوە و باکگراوندێکی مەعریفی قووڵی دینی و عیرفانی بناغەکەیەتی، وەک مەولانا دەڵێت: "هر یکی از ما مسیحی عالمیست/ هر الم را در کف ما مرهمیست" (٢٥). کە ئەگەری توانای مەسیحی بوون لە هەریەکە لە ئێمەدا دەخاتەڕوو، هەڵبەت بە مەرج و ڕەوشی خۆی، کە دەتوانین وەک مەسیح (ناخەکییانە) مردوو زیندو بکەینەوە و ببینە هەتوانی برین. وەک چۆن هاودەردەکەی مەولەوی ئەوەی بۆ مەولەوی کرد، مەولەویش دەتوانێت ئەوە بۆ ئێمە بکات.

وەک گوتمان باسکردن لە زیندوبوونەوە و هەڵی دووبارەی ژیان لە خۆڕا لای مەولەوی دروست نەبووە، بێجگە لە بازنەی کۆڕی شێخەکانی و سۆفییانی دڵپاکی سینەسافی هاوتەریقەتی، بەئاگا و زانا بووە بە مەغزا و مەبەستەکانی ئەم ئایەتانەی قورئان (آل عمران 49، مائدة 110) کە باسی دەرئاساکانی عیسای مەسیح دەکەن؛ ئافراندنی باڵندە لە قوڕ، چاککردنەوەی لاڵی و کەڕی و کوێری، و زیندووکردنەوەی مردوو بە مۆڵەتی خودا. هاوکات ئاگادار بووە بەو ئایەتانەی تر کە باسی ژیانەوەی زەوی دەکەن پاش مردنی، هەروەها باسی زیندووکردنەوەی ڕۆژی دوایی.

ئێستا کە هەموو خانەکانی لەش و گیانی هاودەردیەکەی پێشووی مەولەوی، لەسایەی ئەو دووبارە ژیانەوەیەدا نەمریی و بەردەوامی بووە بە نسیب و بەهرەی، لەڕێی گرتنەبەری ڕێی حەق تەعالاوە؛ بەمەش بووەتە کەسێکی ڕۆحانی و ئاسمانیی موتەعال و نەمر، ئەو پرسیارە قورسەی بەرۆکی مەولەوی دەگرێت، پرسیارە هاملێتییەکەی شەیکسپیرە: " To be, or not to be, that is the question" (122) (ببم یاخود نەبم، ئەوە پرسیارەکەیە؟).

ئەم دۆخە وجودی و مەعریفییە، مەولەویی ڕووبەڕووی پرسیارێکی لەم شێوەیە کردۆتەوە: ئەو ڕێگای لەدایکبوونەوەیە بگرمە بەر یاخود نەگرمەبەر، ئەوە پرسیارەکەیە؟

مەولەوی دەڵێت:

> مەعدوومی سەرشار بەزم دڵ ڕێشی/ تا تۆیچ چون یاران تەسدیع نەکێشی/ نەگری وە گەردەن چی هانە ڕێت دا/ یا نەنیەی وە سەر وجوودی وێت دا (٢٧٣).

دەبینین خۆی دەخاتە بەردەم ئەو ئاڵنگارییە سەختە پڕ ڕەنجکێشانە کە ڕێیەکی درێژی تولانیی تاقەتپڕوکێنی پڕ لە زەجر و ئاڵۆزییە؛ ئەو ڕێیەی دەبێت لە سەرەتایدا هیچ و سفربێتەوە، تا دواجار بە ڕۆح و بەرگێکی نوێوە ژیانی دووبارە دەستپێبکاتەوە و ژیانێکی جیاواز و کەسێکی جیاوازتر لەوەی پێشووی لێ پەیدابێت؛ ڕۆحێکی باڵانشینی ئاسمانی، ڕووناک بە نورئەفشانی خودایی، پاش جێهێشتنی دنیای غەریزی و نەفسانی.

هەڵبەت مەولەوی وەڵامەکەی بەڵێیە بۆ پرسیاری ئەوەی ئەو ڕێگایە بگرمەبەر یاخود نەیگرمەبەر. چون چاوی لە باڵابوون و بەختەوەربوونە هاوشێوەی یارانی هاودەمی و زیاتریش لەوان: "کەی مەشی نە سیلک یاران هەم دەم/ کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وە چەم" (٢٧٣). مەولەوی ڕێگاکە دەگرێتەبەر و دەڵێت: من دووبارە لەدایک دەبمەوە و دەگەمە بەختیاری و ڕیزی یارانی خودایی، من ڕەنگی ئاسمانی و خودایی دەگرم، من ئیتر مرۆڤێکی ترم و جیهانێکی ترم.

بەپوختی، مەولەوی کورد (١٢٢١ک – ١٣٠٠ک) ناسراو بە مەعدوومی، بە شیعری "ڕوێ فکر بەخت"، بیری جوڵەی گۆڕانکاریی جەوهەری بە چڕوپڕیی و بەکورتبڕییەکی واتاداری درامی تراجیدی دەخاتەڕوو. ئەو گۆڕانکارییە دەیکاتە کەسێکی تر و بوونێکی نوێ و لەدایکبوونەوەیەکی دووبارە و ژیانێکی نوێی پێدەبەخشێت بۆ دەستپێکی جیاواز ژیان و باشتر ژیان، دوای باشگۆڕانەکەی لە گەشتە مێتافیزیکییەکەیدا یاخود بە زمانی عیرفانی خودایی و لاهووتییەکەیدا.

**ئەنجامگیری:**

مێتافیزیک وەک زانستێکی باڵا دابڕاو نییە لە ئەدەب و پەیوەندییەکی کلیلی و تەواوکارییان هەیە؛ ئەدەبیش وەک ئاوێنەی ڕۆح و شەبەنگی بیری مرۆڤە، کە شیعر وەک کۆنترین ژانر و ڕۆمانیش وەک نوێترینی ڕەنگە سەرەکیەکانی ئەو ئاوێنە باڵاڕوانەی

مرۆڤن. مێتافیزیکەکەی ئەرستۆش، سەرەڕای ئاڵۆزیی دەقەکە، بەو بەرخوردە نیمچە ئازادەمان لەگەڵی بۆ ڕوانین لە هەردوک کارە ئەدەبییەکە، کۆمەک و چوارچێوەیەکی میتۆدی و ڕێنشاندەر بوون بۆ توێژینەوەکەمان.

دۆستۆیڤسکی وەک نوێنەرێکی باڵادەست لە ژانری ڕۆماندا، و مەولەوی کوردیش لە شیعردا، سەرەڕای یەکگرتنیان لە خولقاندنی شاکاری بەرزی بووnاسی و ئەدەبیدا، دارای چەند کۆلکەیەکی تری هاوبەشن وەک، یەک: هاوزەمەن بوونیان کە سەدەی نۆزدەیە بە هەوراز و نشێویەکانی ئەو سەدەیە. دوو: باکگراوندی ئاینی هەریەکەیان، کە دین کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر دنیابینی و بەرهەمە ئەدەبییەکانیان. سێ: بارودۆخی ژیانی کەسیی هەریەکەیان، کە زۆربەی کات سەخت و دژوار و تاقەتپڕوکێن بووە. چوار: عەشقیان بۆ هاوسەرەکانیان و پشتگیری ئەوان بۆ ئەدەب و بیرکردنەوەیان. پێنج: تاوان و سزا ی دۆستۆیڤسکی نزیکترین وێنەی ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر و ئەو ژینگە و بیرەیە تا ساتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە، بە دروستتر کەسایەتیی ڕاسکۆڵنیکۆڤ. ئەمەش بۆ مەولەوی و شیعری "ڕوێ فکر بەخت" ڕاستە، ئەو شیعرە پوختەی وێنە نزیکەکەی ژیانی فیکری و ڕۆحی مەولەوی کوردە.

لەلایەکی تریشەوە، خاڵی جیاواز و پێچەوانەیان هەیە وەک، یەک: دۆستۆیڤسکی ڕۆمان کەرەستەی گوزارشتکردن بووە لە خۆی و بیرکردنەوەی، بەڵام هی مەولەوی بەزۆریی شیعر بووە. دوو: دۆستۆیڤسکی زۆر بە دامێن و وردەکاری لە ڕێگەی کەسایەتی ڕاسکۆڵنیکۆڤەوە لەدایکبوونەوەی دووبارە و دەسپێکی ژیانێکی نوێی خستووەتەڕوو، بەڵام مەولەوی بە کورتی و پوختی لەڕێی شیعری "ڕوێ فکر بەخت" ـەوە، ئەو کارەی بەسەرکەوتووی ئەنجامداوە. سێ: ڕاستە باکگراوندی هەریەکەیان ئاینی بووە، بەڵام هەریەکەیان سەر بە ئاینێکی جیاوازن؛ دۆستۆیڤسکی مەسیحییەکی ئۆرسۆدۆکسی نەریتی، کاریگەربووە لەسەری و لەڕۆمانەکەش ئەوە بەڕوونی دیارە – نموونەی لازارۆس و ڕەنجکێشانیش هەر سەر بەو نەریتەن کە دواتر کۆمەکی دەکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سروشتی پاکی مرۆیی و تایبەتمەندیی خودایی و ئاسمانی و گەشتە ڕۆحییەکەی. بەڵام مەولەوی سەر بە ئاینی ئیسلامە و ڕێگای تەسەوفیش لەو ئاینە ڕێباز و ڕێنیشاندەری گەشتنیەتی بە خودا و موتەعالی بوون. دواجاریش سەرەڕای ئەو خاڵە جیاوازانەش، هەر دووک ئەدیب لەم توێژینەوە و لە دوا خاڵیشدا بەیەک دەگەن کە فەلسەفەی بنەڕەت و مێتافیزیکە، وەک لە بەشەکانی هەریەکەیاندا خستوومانەتەڕوو لە توێژینەوەکەدا.

تەرح و ڕەوش و میتۆدی دۆستۆیڤسکی لە کەسایەتیی ڕاسکۆڵنیکۆڤ و مەولەوی لە شیعری "ڕوێ فکر بەخت" دا بۆ لەدایکبوونەوەی دووبارە، ئاوەزمەندانە و لۆجیکیانەیە. چون لای دۆستۆیڤسکی و مەولەوی ئەو کردەیە قۆناغ بە قۆناغ و بڕینی ڕێگایەکی کرداری پڕ هەوراز و نشێو و ئامادەگی تەواو و ئامادەکاریی و خۆتەرخانکردنی کرداریی پێویستە، بەڵام گەر لەم ڕوانگە مێتافیزیکیەوە ڕووی نەدایە ئەوا زۆر ڕوکەشانە و نمایشی و ڕاگوزەر و بێ ڕیشە دەبوو.

دوایین لێدوانیش لەبارەی ئەو بەراوردکارییەوە، خاوەنداریێتیکردنە لە مەولەوی وەک ئەرکێکی ئەدەبی و مرۆڤایەتی و پاشان نەتەوەیی، هاوشێوەی ڕووسەکان بۆ دۆستۆیڤسکی. هەروەها گەیاندنی بیر و بەرهەمی مەولەوییە بە گەلانی جیهان لەڕێی زمانێکی ئاشنا و بەربڵاوی وەک ئینگلیزییەوە (لەکاتی وەرگێڕانیدا)، لەپێناو بە جیهانیکردن و ناساندنی ئەدەبی بەرز و هزری قووڵ و بنەماناسییانەی مەولەوی دا؛ لەڕێی بەراوردکردنی مەولەوی و دۆستۆیڤسکییەوە. ئەم توێژینەوە هەنگاوێک بوو بەو ئاراستەیەدا.

**ڕاسپاردەکان :**

ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ توێژەران و نووسەرانی کورد وە دواجار کۆنفراسی مەولەویناسییش، پاش خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە، بەبڕوای ئێمە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1. پێشاندانی باڵایی فیکر و بیری شاعیر و ئەدیبانی کورد لەڕێگەی بەراوردکرنیان لەگەڵ ئەدیب و فەیلەسوفە جیهانیەکان، بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان.
2. بەراوردکردنی شیعر و نووسینەکانی مەولەوی کورد لەگەڵ شاعیر و ئەدیبە جیهانییەکان، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن ڕەوتی عیرفانی و ئیلاهیاتین.

sjh@univsul.edu.iq

3. بەراوردکردنی نووسین و شیعرەکانی تری مەولەوی لەگەڵ شاکارە ئەدەبییەکانی تری دۆستۆیڤسکی، بەتایبەت ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤ.
4. بەراوردکردنی شیعر و فیکری مەولەوی کورد لەگەڵ شاعیرانی مەزنی ئینگلیز وەک: جۆن دۆن و ولیەم شەیکسپیر، کە هەڵگری ڕەگەزی عیرفانی و پرسە بوونییە گرنگەکانی ژینی فانی و سەرمەدیین.
5. وەرگێرانی شیعرەکانی مەولەوی و کارە فیکری و ئیلاهیاتیەکانی تری بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان، بەتایبەت زمانی ئینگلیزی.

وەرگێرانی ئەم توێژینەوە و توێژینەوە پەسەندکراوەکانی تری ئەم کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان؛ بۆ زیاتر بەجیهانیبوونی مەولەوی و دنیای ئەدەبی و فیکریی نووسەرانی تری کورد.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


ئەریستۆ. مێتافیزیک. وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە د. محەمەد کەمال. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

ئەریستۆ. شیعر (پۆیەتیکا). وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە د. محەمەد کەمال. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠.

مەولەوی. دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس. چاپی چوارەم، انتشارات کوردستان، ١٣٨٦.

مەولەوی. دیوانی مەولەوی. لە هەورامییەوە بۆ سۆرانی موحەمەد ئەمینی ئەردەڵانی، پێداچوونەوەی گۆران عەباس. چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارەت نەشری ئیحسان، ٢٠٠٩.


### سەرچاوە فارسییەکان:


أدونیس. تصوف و سوریالیسم. ترجمە حبیب‌الله عباسی، چاپ دوم، انتشارات سخن.

الجابری، محمد عابد. فهم قرآن حکیم: تفسیر سورةهای قرآن براساس نزول. ترجمە محسن آرمین. جلد سوم، چاپ اول، نشر نی، ١٤٠٠.

ارسطو. متافیزیک (مابعدالطبیعه). ترجمە دکتر شرف‌الدین خراسانی. چاپ ششم، مؤسسه انتشارات حکمت، ١٣٩٢.

خرمشاهی، بهاءالدین و سیامک مختاری. قرآن و مثنوی. مجلد ١، چاپ هشتم، نشر قطره، ١٣٩٣.

داستایفسکی، فؤدور. جنایت و مکافت. ترجمە پرویز شهدی. چاپ هشتم، بنگاه ترجمە و نشر کتاب پارسه، ١٤٠٠.

سپهری، سهراب. صدای پای آب: عاشق همیشه تنهاست. انگلیسی فارسی، ترجمە کریم امامی، چاپ دوم، انتشارات سخن، تابستان ١٣٨٤.

شریعتی، علی. ما و اقبال: مجموعه آثار. مجلد ٥، چاپ اول، حسینیه ارشاد، ١٣٥٧.

لاهوری، اقبال. "پس چه باید کرد؟". بخش ٣، خطاب به مهر عالمتاب. گنجور:

<https://ganjoor.net/iqbal/pas-che-bayad-kard/sh3>، دسترسی، ٢٤ مارس ٢٠٢٤.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

إمام، إمام عبدالفتاح. مدخل إلى الميتافيزيقيا. طبعة الأولى، نهضة المصر للتباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٥.

تشيركاسوفا، افجينيا. دوستويفسكي و كانط: حوارات في الأخلاق. ترجمة عمار كاظم محمد. الطبعة الأولى، دار سطور للنشر والتوزيع، ٢٠١٩.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Bressler, Charles E.. Literary Criticism: An Introduction to Theory and Practice. Fifth Edition, Longman Pearson, 2012.

Dostoevsky, Fyodor. Crime and Punishment. Translated by Constance Garnett, Wordsworth Editions Limited, 2000.

———. Crime and Punishment. Translated by Margaret Brantley. Simon& Schuster, 2009.

Holmes, Arthur. “A History of Philosophy”. Lecture 10 and 12. Wheaton College, 2015. < https://youtu.be/kLKHpSPoNKI?si=KWmi3FfdK1zhSPKf > Access Date: 29 Mar. 2024.

Knapp, Liza. The Annihilation of Inertia: Dostoevsky and Metaphysics. Northwestern University Press, 1996.

Lee, Harper. To Kill A Mockingbird. Vintage, 2010.

Shakespeare, William. Hamlet Prince of Denmark. Edited by David Babington and David Scott Kastan, Bantam Dell, Random House, April 2005.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**A New Life After Rebirth: An Aristotelian-Metaphysical Study of The Kurdish Mawlawi's Poem "The Second Rebirth" and Raskolnikov, the Main Character in Dostoevsky's Novel Crime and Punishment**

**By**: Hamid Mustafa Jaafar & Hersh Mohammed Saeed Salih

Human beings, unique among creatures of earth's surface, posses the remarkable ability of rebirth. This second chance, whether material or spiritual, is an exclusive gift to humanity. This process unfolds through shifts in attitude or by enduring a life marked by suffering and despair, ultimately leading to a state of purity – a fresh beginning. Literary works often explore this theme with delicacy and aesthetic sensibility. In this aspect, both Kurdish and world literature boast timeless masterpieces that delve into the transformative power of rebirth. This research focuses on two eminent figures of letters and connoisseurs: the Kurdish poet Mawlawi and the Russian novelist Dostoevsky. Mawlawi's poem "One Day I Was Contemplating My Misfortunes", succinctly and artistically portrays the rebirth process. In contrast, Dostoevsky's magnum opus Crime and Punishment, illustrates this concept through the character of Raskolnikov; his journey toward renewal is protracted, involving introspection, and dictations till reaching a pivotal turning point of a profound and meaningful life.

As a theoretical framework, this research employs Aristotelian Metaphysics to draw a revealing comparison between these two literary works. The research comprises an introduction, a conceptual framework, examinations of Mawlawi's and Dostoyevsky's perspectives, a comparative analysis, and finally a concluded section.

**Keywords**: Rebirth, New Life, Aristotlian Metaphysics, Mawlawi, Dostoyevsky

sjh@univsul.edu.iq

**حياة جديدة بعد الولادة جديدة: دراسة ميتافيزيقي الأرسطويي للشعر "فكرت يوما عن البخت" للشاعر الكردي مولوي و شخصية راسكولنيكوف في رواية الجريمة والعقاب للدوستويفسكي**

**حميد مصطفى جعفر، هيرش محمد سعيد صالح**

الإنسان هو المخلوق الوحيد الذي بإمكانه أن يولد مرتين. الولادة جديدة يمكن أن يحدث بطريقة فيزيقية أو معنوية، في كلتا الحالتين هذا تولد يحدث عند الإنسان حصرا.
هذه الولادة جديدة يعني فرصة أخرى للإنسان لكي يعيش الحياة مختلفا عما عاشه من قبل. هذه العملية يمكن يحدث عن طريق تغيير النظرة للحياة أو مرور بحياة ملئ بلمعاناة والمتاعب والمآسي وتصفيته للحياة الجديدة المختلف تماما عن سابقته. الأدب والأعمال الأدبية فيها مسافة معقولة لهذه نوع من التجاريب، الأدب الكردي ليس خارج عن هذا السياق.
هذا البحث الذي بين يديكم دراسة عن إثنين من الأدباء اللذان يتناولون في الأعمالهم الأدبية موضوع الولادة جديدة و بداية مختلفة للحياة. الأديب الأول الذي نغوص في أعماله هو (مولوي) الكورد وبالأخص قصيدته بعنوان "فكرت يوما عن البخت" في هذه القصيدة يتناول هذا الموضوع بلعمق وبأختصار. والأديب الثاني الذي نقارنه مع مولوي هو الروائي الروسي الشهير فيودور دوستوفيسكي و روايته الشهيرة الجريمة والعقاب، وبالأخص الشخصية الرئسية في الرواية (راسكولنيكوف) هو الذي يعيش هذه تجارب المريرة لكي يصل لحياة جديدة بعد ولادته مرة أخرى.
والإطار النظري لهذا البحث يمثل بميتافيزيقيا أرسطويية، وبالأخص كتابيه الشهير بعنوان (ميتافيزيقا).
البحث يتكون من المقدمة، الإطار النظري، جزء عن شخصية راسكولنيكوف في رواية الجريمة والعقاب، جزء آخر يتناول مولوي الكورد والقصيدة" فكرت يوما عن البخت" والخاتمة.

**الكليمة الدليلية**: ولادة الجديدة، الحياة الجديدة، ميتافيزيقيا أرسطوي، مولوي، دوستوفيسكي

sjh@univsul.edu.iq